دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٢٦، چوارشەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، ٦ی جولای ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com

■ ڕاگەیەندراوی کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٢

■ پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵوەگەڕی ڕاگەیاندنی حیزبی شیووعیی کوردستان ٢

■ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ژنانی نێو شۆڕش لە بنکەی ئازادی ٣

فێنۆمێنۆلۆژی ئەندێشەی "قاسملوو" ٤

دوکتور قاسملوو، خەزێنەی زمان ٦

منداڵانی ئێران و کوردستان قوربانی سیاسەتەکانی ڕێژیم ٨

دیمانەی کوردستان ١٠









# ڕاخستنی فەرشی سوور بۆ تیرۆریستان




لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەواڵی وەگەڕکەوتنی گەڵاڵەیەک لەلایەن دەوڵەتی بێلژیکەوە لەپێوەندی لەگەڵ گۆڕینەوەی تاوانباران لە نێوان بلژیک و ئێران و هێند و ئیمارات بووە ڕۆژەڤی باس و خواستەکان؛ گەڵاڵەیەک کە کۆمەڵێک نارەزایەتی و ئێعتراز و نیگەرانی، بەتایبەت لەلایەن هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران لێ کەوتەوە.

گۆڤاری پۆلیتیکۆ لەمبارەوە نووسیویەتی ئەم گەڵاڵە کاتێک لە پارلمانی بلژیکدا هاتە بەر باس کە ڕێبەریی وڵاتانی ئورووپایی ترسی چوونەسەری نرخەکانی وزەیان لێ نیشت و بێ لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپە مافی مرۆڤییەکان مەیلیان بۆ چاکسازی لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گەیشتە ترۆپکی خۆی.

یەکێک لەو کەسانەی کە لە ئەگەری پەسندکرانی ئەم گەڵاڵە ڕادەستی وڵاتی خۆی دەکرێتەوە، ئەسەدوڵا ئەسەدی دیپلۆمات – تێرۆریستیی ئێرانییە کە لە پووشپەڕی ساڵی ٩٧ بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ دانانەوەی بۆمب لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە فەرانسە دەسبەسەر کرا و دادگای بلژیک حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ براندەوە.

لە بەرامبەر ڕادەستکردنەوەی ئەسەدی بە تاران، بلژیکیش دوو هاووڵاتیی خۆی کە لە ئێران دەسبەسەر کراون ئازاد دەکات؛

ئەم مامەڵە سیاسییەی بلژیک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەو ڕووەوە گرینگی هەیە کە وەک بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی باسی لێوە دەکات، دەرەتانی ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستیی لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئورووپایی زیاتر دەکات و تێرۆریستانی تاران دەسئاوەڵا دەهێڵێتەوە بۆ تەڕاتێنی تێرۆریستانیان و بەجۆریک «ڕەسمییەت بەخشینە» بە چالاکییە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ئورووپادا.

هاوکات کۆمیتەی بلژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی چەپی ئێران (فەداییانی خەلق) و کۆماریخوازە سێکۆلار و دێموکراتەکانی ئێران لە بلژیک لە نامەیەکی هاوبەشدا بە ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕ بۆ پارلمانی بلژیک نیگەرانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ دەرەنجامەکانی پاش بەیاساییکردنی ئەم گەڵاڵە دەربڕیوە و هۆشدارییان داوە کە لە ئەگەری پەسندکردنی گەڵاڵەی ئاماژەبۆکراودا دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تێرۆریستی، نەتەنیا بەدژی ئۆپۆزسیۆن بەڵکوو دژ بە شارۆمەندانی بلژیکی و ئورووپایی ئاوەڵا دەکات و ئەمنیەتیی ئورووپا دەخاتە مەترسییەوە. لەم نامەدا هەروەها هاتووە: «نابێ لەبیر بکرێت کە حوکمی دادگای میکۆنۆس لەپێوەندی لەگەڵ موحاکمەی ئەنجامدەرانی تێرۆری میکۆنۆس و لە زیندانخرانی جێبەجێکارانی ئەم تێرۆرە لە ئاڵمان، بووە هۆکاری چێبوونی ئەمنیەتی ڕێژەیی لە ساڵانی دوای تێرۆری میکۆنۆس».

کازم دارابی کە تاوانباری سەرەکی تێرۆری میکۆنۆس بوو لەو کاتەدا و پاش ئازادبوون بە کەڵکوەرگرتن لە یاسای «کەمکردنەوەی سزای زیندانی هەتاهەتایی لەدوای ١٥ ساڵ» و گەڕانەوەی بۆ ئێران، فەرشی سووریان بۆ ڕاخست و لە ئاستی بەرزدا پێشوازی لێ کرا و بەهۆی خزمەتێک کە بە کۆماری ئیسلامی کردبوو، چەندین جار ڕێزی لێ گیرا و پێگەیەکی دەوڵەتی بەرزیشی پێ درا. هەر لەم چوارچێوەیەدا ١٣ ئەندامی دێموکرات و کۆماریخوازی کۆنگرەی ئامریکا لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکوەزیرانی بلژیک خوازیاری ئەوە بوون کە پارلمانی ئەم وڵاتە دژ بە گەڵاڵەی ئاماژەبۆکراو ڕابوەستێ؛ لە نامەکەدا هاتووە: «دەوڵەتی بلژیک نابێ ڕێگە بە پارێزراویی تێرۆریستان بدات».

هەروەها زیاتر لە ٤٣٠ چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بەشێک لە بنەماڵەی قوربانیانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕوو لە سیاسەتمەدارانی بلژیکی هۆشدارییان داوە و وتوویانە: «چرای سەوز پیشانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی مەدەن!»

ئەوەیکە ڕوونە هەوڵەکانی بلژیک بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم گەڵاڵە و بە یاساییکردنی نەک لەبەر ئازادکردنی بارمتە و دیلەکانیان لە ئێران بەڵکوو لەڕاستای هەندێ مامەڵەی بازرگانی و کۆمەڵێک قازانجی ئابوورییە کە لە پاش ئەم ڕووداوە دێنە ئاراوە؛ بە دیوێکی تریدا لە ئەگەری جێبەجێبوونی ئەم گەڵاڵەیە وڵاتانی ئورووپایی دەتوانن ماوەیەکی زیاتر سەرقاڵی هەڵلووشینی سامانەکانی ئێران بن و خۆیانی پێ بژیێنن و لە بەرامبەریشدا چاو بنوقێنن لە ئاست پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە لە ئێران و دەرەوەی ئێران بەڵام لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دەدرێ.

یەکێک لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە ئەنجام دەدرێ لەڕاستیدا گرتنی هاووڵاتییانی بیانی بەبیانووی سیخوڕبوونیان بووە کە پاش ماوەیەک بە وەرگرتنی پارەیەکی کەڵان یان وەرگرتنی ئیمتیاز و پوان لە وڵاتانی ڕۆژاوایی و لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە ئەوانی ئازاد کردووە و بەداخەوە تا ئێستەش تێیدا سەرکەوتوو بووە و ئورووپاییەکانیش ملکەچی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم بوون.

## پەیڤ

## ئێرانێکی دیکە

**کەریم پەرویزی**

« لەبەر خاتری خەباتی گەلانی ئێرانە کە ئێمە داوای ناسینی مافی دانانی چارەنووس لە ئێراندا دەکەین. ئەوە تەنیا ڕێگای ڕاکێشانی دڵنیایی نەتەوەکانی زۆرلێکراوی ئێرانە و تەنیا هۆی پێکهێنانی یەکیەتیی داخوازانە و پێوەندیی بەهێزی ئەوانە لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا.»

دوکتور قاسملوو، خەرمانانی ١٣٤٩، ئەفسانەی م ماکان.

ئەوکات کە دوکتور قاسملوو ئەم ڕستانەی لە وەڵامی م. ماکان دەنووسی، حەمەڕەزاشای پاڵەوی لە لووتکەی هێزیدا بوو و دەیانەویست بە چوار ئەسپەوە بەرەو دەروازەکانی شارستانیەت و پێشکەوتن غار بدەن. ئەو ئێرانەی کە دروستیان کردبوو، لەسەر بناخەی حاشاکردن لە جیاوازییەکان و تواندنەوەی گەلان لە نێو مەنجەڵی ئێرانیی فارسیزاندا! دانابوو.

ڕێژیمی شا ڕووخا و ئەو ئێرانە بە هاتنە سەرکاری خومەینی، یەك پارامێتری دیکەی پێ زیاد بوو، پێڕەوی لە ویلایەتی فەقیە! یانی مەنجەڵەکە زیاتر خەڵکی دەکوڵاند و دەیتواندەوە تاکوو بە سیمای ویلایەتیش باریان بێنێ!

ئێرانێك کە ئێستا هەیە، ئەو ئێرانەیە کە جیاوازییەکان دەکوژێ و زمان و ناسنامە و ویست و خولیای جیاواز دەخنکێنێ و هەمووی بە سیامی ویلایەتی فەقیهی، لە بەرەی موقاومەت بار دێنێ کە دەبێ خەڵك برسی بێ و بکوژرێ تاکوو خامنەیی و بەیتەکەی و فەرماندەکانی سپا و تیرۆریستانی حیزبوڵا و گرووپە میلیشیاییەکانی سەر بە خامنەیی تێر بن. ئەم ئێرانەی کە ڕەزای پاڵەوی و حەمەڕەزا و دواتر خومەینی و خامنەییش دەستیان تێوەرداوە، بناخەی لەسەر ستەمکاری و خوێنرشتن و بەزۆرەملێ بێدەنگکردن دامەزراوە و هەر بۆیە ئێستا لە گەورەترین قەیراندایە و گەندەڵی و ماڵوێرانی سەرتاپای داگرتووە و ترسی نەك ڕووخانی ڕێژیم، بەڵکوو هەرەسهێنانی خودی ئێران و ئێرانیبوون دایگرتوون.

گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش کە چاو لێ دەکەی تەنیا باس لە ڕووخانی ڕێژیم ناکەن بەڵکوو نیگەرانیی هەرەسهێنانی ئێرانیبوونیشیان هەیە. ئەو ترس و نیگەرانییە ترسێکی واقیعییە چوونکە ئێرانیبوونی ئێستا لەسەر ئەساسی هەڵاواردن و ستەم و ئینکار دامەزراوە و دروست کراوە.

تێپەڕین لە ڕێژیمی ئیسلامیی تاران بەرەو ڕێژیمێکی دیکە، تەنیا ئاڵوگۆڕی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکەوتی ٤ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٥ی ژووئەنی ٢٠٢٢ی زایینی بەڕێوە چوو و لەو کۆبوونەوەدا ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوایین ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە سیاسییەکانی ئێران، کوردستان و ناوچەکەی بە وردی تاوتوێ کرد.

کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد و پاشان «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات دەستووری کاری کۆبوونەوەکەی خستە بەرباس و دوای پەسندکردنی لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبەوە، هیجری لە ڕاپۆرتێکی سیاسیدا یەکەم بڕگەی کاری کۆبوونەوکەی دەست پێکرد.

لە ڕاپۆرتەکەدا لێپرسراوی گشتیی حیزب بە وردی باسی لە دۆخی ئێران، ناوچەکە و ئەو ئالوگۆڕ و هاوکێشە نوێ سیاسییانە کرد کە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هاتوونەتە ئاراوە و پێگە و ڕۆڵی کورد لەو پێشهات و ئەگەرە سیاسییانەدا باس کرد.

«هیجری» بە ئاماژە بە لێکدانەوەکانی کۆبوونەوەکانی پێشووی ڕێبەرایەتی حیزب و بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران، هەڵسەنگاندنی بۆ دۆخی نێوخۆی ڕێژیم و ناڕەزایەتیی ڕۆژانەی چین و توێژەکانی ئێران کرد کە بەردەوامن لە بەرزکردنەوەی دەنگی مافخوازییان و پشتیوانی حیزبی دێموکراتی بۆ دەستەبەر بوونی مافی ڕەوای توێژە جیاوازەکان، نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران دووپات کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا لێپرسراوی گشتیی حیزب لەژێر ڕووناکایی شەڕی ڕووسیە وئوکراین، هەڵوێستی ڕۆژاوا و وڵاتانی ناوچە لەمەڕ ئەم دوایین پێشهاتانە، چارەنووسی مەسەلەی ناوکی و پیتاندنی ئۆرانیوم، وتوویژەکانی تایبەت بە بەرجامی خستە بەرباس و ڕایگەیاند ئەگەر لە ڕابردوودا و پاش هاتنە سەرکاری «جۆ بایدن» و هیوا و ئومیدی کۆماری ئیسلامی بە ڕۆژاواییەکان باس لەوە دەکرا کە بەرجامی نوێ بە زوویی ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێ، هەنووکە نەتەنیا ئەو بابەتە لانیکەم لە کورت ماوەدا بەرەو ڕێککەوتن ناڕوا، بەڵکوو سیاسەتی شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و پرسی مووشەکی بالستیکی و پشتیوانی لە هێزە نیابەتی و میلیشیاکانی ناوچەکە ڕەوتی ڕووداوەکانی بە دژی کۆماری ئیسلامی وەستاندوتەوە، ڕێککەوتنەکەی دژوارتر کردووە، ئەمەش دەرفەتێکی ئەرێنییە بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و نەتەوەی کورد بەگشتی و بە تایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە بتوانن بە خەباتی دیپلۆماسی و چالاکیی جۆراوجۆر ڕووی ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمە بۆ دنیای دەرەوە ئاشکراتر بکەن.

لێپرسراوی گشتی لە بڕگەیەکی دیکەی ڕاپۆرتە سیاسییەکەدا تیشکی خستە سەر سەرجەم ئەو هەوڵ و کۆبوونەوانەی لە ماوەی ڕابردوودا بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی ناڕازی لە سیاسەتی ئێران لە ناوچە، پەیمانی عەرەب و ئیسرائیل و ڕۆڵی دەوڵەتی نوێی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا لە ناتۆ و چاوخشاندنەوە بە هاوکاریی زیاتر ئەم پەیمانە سیاسی و سەربازییە و کۆبوونەوە و بەرنامەی کاری داهاتوویان کە بڕیارە لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ ئەم مانگە لە ئیسپانیا کۆ ببنەوە و بەرنامەی ١٠ ساڵی داهاتووی خۆیان دیاری دەکەن، وەک پازلێک وایە کە جەمسەربەندییەکانی ئەمنی، نیزامی، ئابووری و ... جیهانیان زیاتر لە جاران ڕوون کردوەتەوە و شەڕی بەرژەوەندییەکانی پتر لە ڕابردوو لە نێوان پەیمانەکانی ئیبراهیمی، I۲U۲، ناتۆ و ... لە لایەک و هەوڵەکانی چین و ڕووسیە و ئێران و ... لە لایەکی تر قووڵتر کردووە.

«هیجری» لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەوەی خستە بەرباس کە ئێمەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دانیشتووی ئێران و سەرجەم ئازادیخوازانی ناوچەکە دەبێ بە ئەزموون وەرگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ڕابردوومان، جۆرێکی دیکە بڕوانینە هاوکێشە سیاسییەکان و بە بەهێزبوونی خەبات و قورساییمان لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکەدا ڕۆڵ و پێگەی خۆمان دیاری بکەین.

ڕاپۆرتی سیاسیی لێپرسراوی گشتیی حیزب پاش نەزەر و بیروڕای ئەندامانی ڕێبەریی حیزب بە کۆی دەنگ پەسند کرا.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتی حیزب، لێپرسراوی گشتی ئاماژەی بە کار و چالاکییەکانی لە دوایین سەفەری دەرەوەی وڵات کردو بەشدارانی کۆبوونەوەکەی لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی ئاگادار کردەوە.

بەهێزترکردنی کار و چالاکییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەشێکی دیکەی باس و بابەتەکانی کۆبوونەوەکە بوو کە بە وردی قسەی لەسەر کرا و بڕیاری پێویست لەو بارەوە درا.

ڕێبەرایەتی حیزب جارێکی دیکە پێداگریی کردەوە لەسەر هەڵوێستی ناوندی سیاسیی حیزب بە نیسبەت دەقی قسەکانی ڕەزا پەهلەوی و باقی ئەو کەسانەی کە سیاسەتی دژ بە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێرانیان هەیە و هاوکاری و هاوپێوەندیی نەتەوە بندەستەکان و هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێرانی بە زامنی سەرکەوتنی ئەم قۆناغەی خەباتمان زانی.

بڕگەی کۆتایی کاری کۆبوونەوەکە دوایین ڕاپۆرت و هەوڵەکانی تایبەت بە پرۆسەی یەکگرتنەوە دێموکراتەکانی خستە بەرباس و بەرەوپێشچوونی باش و ئەرێنیی کاری هەیئەتەکانی تایبەت بەم بوارەی بە هەنگاوێکی کاریگەر بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرسە و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان زانی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نووسینگەی کارگێڕی**

**٥ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵوەگەڕی ڕاگەیاندنی حیزبی شیووعیی کوردستان

بەڕێز: مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیووعیی کوردستان

بە ناوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێز کاک مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان بەبۆنەی ٢٩ـەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی حیزبی شیووعیی کوردستان لە ٨٨ـەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانیدا پێشکەش دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان لە گەیشتن بە ئامانجە مرۆیی و نیشتیمانییەکانی حیزبە تێکۆشەرەکەتاندا لە خزمەت بە گەلانی عێراق و گەلی مافخوازی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بە ئاوات دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزبە خەباتگێڕەکەتان شانازی بەو مێژووە درەوشاوەیە دەکات و هەڵوێستەکانی ئێوە لە قۆناغە جیاجیاکانی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازیی نەتەوەکەمان لەو ماوەیەدا بەرز دەنرخێنیت.

لە بەرهەمەکانی ئەو پەیوەندییە مێژووییە، دەتوانین ئاماژە بە هەڵوێستی لەبیرنەکراوی حیزبی شیووعی بکەین کە لە ڕۆژانی تەنگانە و هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی مرۆڤکوژ و داگیرکەری تاران بۆ سەر کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، تێکۆشەرانی حیزبی ئێوە بە گیانفیدایی و قوربانیدانێکی کەموێنە شانبەشانی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری خەبات و بەرخۆداندا دەرەوەستی و دڵسۆزیی خۆیان وەکوو پاڵپشتێکی جێی متمانە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا سەلماند.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە چاوەڕوانیمان لە ئێوە وەکوو هاوپشت و هاوسەنگەرێکی دێرین و باوەڕپێکراو ئەوەیە و دلنیاشین کە وەک هەمیشە لە ئاڵوگۆڕە هەستیار و چارەنووسسازەکانی بەردەم گەل و نیشتمانەکەمان بە تایبەتی لە باشووری کوردستاندا ڕۆڵی ئەرێنی و دڵسۆزانەی خۆتان بۆ چارەسەری کێشەکان و پێکهێنانی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی لایەنەکان دەگێڕن و لە پێناوی بەجێهێنانی ئەو ئەرکە پیرۆزەدا وەک هەمیشە لێبڕاوانە هەو دەدەن.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە بەبۆنەی ٢٩ـەمین ساڵڤەگەڕی ڕاگەیاندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان پیرۆزباییتان لێ دەکەین و وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر ئامانج و بەها پیرۆزە هاوبەشەکانمان و پێویستیی درێژەدانی هاوخەباتی و هاوکاریی هەمەلایەنە لە پێناوی وەدیهێنانیاندا، هیوای سەرکەوتنی زیاترتان لە بەرەوپێشبردنی کاروبارە حیزبی و نیشتمانییەکاندا بۆ بە ئاوات دەخوازین.

بەرز و پیرۆز بێ ٢٩ـەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی حیزبی شیووعیی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەد نەزیف قادری**
**٨ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

# شاندی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی حیزبی شیوعیی کوردستانی کرد



پێشنیوەڕۆی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٨ی جۆزەردان، شاندی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەمەدسالح قادری» بە نوێنەرایەتیی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانی حیزبەوە، سەردانی حیزبی شیوعیی کوردستانیان کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٩ـەمین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی حیزبی شیوعیی کوردستان سەردانی ئەو حیزبەیان کرد و بەو بۆنەیەوە پەیامی پیرۆزبایی حیزبیان پێ ڕاگەیاندن.

شاندی حیزب لەلایەن دوکتور «کاوە مەحموود» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی و ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەوە بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا و سپاس و پێزانینی خۆیان بەو بۆنەیەوە دەربڕی.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ژنانی نێو شۆڕش لە بنکەی ئازادی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئەمەگناسی و ڕێزلێنان لەو ژنە تێکۆشەر و دەروەستانەی کە شان بە شانی هاوسەرە شۆڕشگێڕەکانیان لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی ژنان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە هیچ فیداکارییەک دریغیان نەکردووە ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکان بەڕێوە چوو.

لە بڕگەی یەکەمدا شێعرێک لەلایەن «ژینۆ حاجی ڕەسووڵی » لە ژێر ناوی «سالارە ژن» لە نووسینی «جەماڵ فەتحی» پێشکەش کرا.

دواتر لەوحی ڕێزلێنان بەو ژنانە درا کە ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی شۆڕشدا و لە ڕێکخراوی ژناندا بۆ مافی یەکسانی و ئازادیی نەتەوەی کورد خەبات دەکەن.

پاشان بە پێدانی لەوحی ڕێزلێنان ڕێز لە ئەندامانی بەڕێوبەری پێشووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران گیرا.

لەوحەکانی ڕێزلێنان لەلایەن «محمد نەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، «سەیدعەلی ڕەحمانی» کادری دێرینی حیزب و هەروەها «ڕووناک فەتحی» ئەندامی ناوەندی سیاسی «فواد خاکی بەیگی» ئەندامی دەستەی کارگێڕی، «شنە درودگەر» سکرتێری یەکیەتیی ژنان ،«سەیران عزەتی» جێگر سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردسانی ئێرانەوە پێشکەش بەو ژنانە کرا کە ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی شۆڕشدان.




لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا لەوحی ڕێزلێنان لەلایەن «فەریدە محەممەد زادە» پێشکەش بە ئەندامانی بەڕێوبەری پێشووی یەکیەتیی ژنان کرا.

دواتر لەلایەن «ئارۆ سەمەدی» شێعرێک پێشکەش بە بەشداربووان کرا.


## چالاکیی تەبلیغی

### لە ساڵوەگەڕی شەهیدانی کۆساڵان لە چەندین شوێنی سنە چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو


ئەندامان و لایەنگرە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری سنە لە ساڵوەگەڕی شەهیدانی کۆساڵان لە چەندین شوێنی ئەو شارە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.


ئەو شوێنانەی کە پێشمەرگەکانی شار چالاکییان تێدا بەڕێوە بردووە بریتین لە: «گۆڕەپانی فەیزاوا، شەقامی فەراح، شەقامی حەسەن ئاوا، شەقامی تاج، شەقامی ئەدەب، شەقامی دیدگا، جام جەم، شاڵمان، علووم پزشکی، بەهاران، گۆڕەپانی قوبا، شەقامی پارکی منداڵ، شەقامی تەکیە و چەمەن، جامی، شەقامی غەفوور، گۆڕەپانی هەورامان، چوارڕێیانی عەباساوا، شەقامی یازدە میتری، شەهرەکی ئەندیشە، سێڕێیانی جەهاد، گۆڕەپانی دایک، چوارڕێیانی ژاندارمێری، ئاویەر، گۆڕەپانی گاز، شەقامی کشاوەرز، شەقامی ئەردەڵان، شەقامی شێخان، گۆڕەپانی کاریگەر، شەقامی شەورا، شەقامی خەسراوا، گۆڕەپانی شافعی، گۆڕەپانی زەفەریە، حاجیاوا، چوارڕێیانی حاجیاوا، شەقامی ٢٢ی گوڵان، پردی مەردۆخ، شەقامی کوردستان، سێڕێیانی شاپوور، شەقامی وەلیعەهد، چوارباخ، خوار گۆڕەپانی ئەمین، شەقامی گوڵشەن، گۆڕەپانی نەبوەت، شەقامی سیرووس و سێڕییانی باخی میللی».


ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی حیزب و گەل وێڕای بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییانە یادی شەهیدانی «کۆساڵان»ـیان بەرز ڕاگرت و پەیمانیان لەگەڵ ڕۆحی پاکی ئەوان نوێ کردووەتەوە و بەڵێنییان داوە کە هەتا سەر درێژەدەری ڕێبازی شەهیدانی سەربەرز دەبن.













### بۆ بەرپەرچدانەوەی دروشمەکانی دژی حیزبی دێموکرات، لە کوردستان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامانی چالاکیی حیزبی دێموکرات لە شارەکانی سەقز، بانە و مەریوان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرا، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە سەقز لە ناوچەی سەرشیو، لە گوندەکانی «گەورە قەڵا و مەرخوز» و لەنێو شاردا لە شەقامی «ئوستاد شیرازی» هەروەها ڕێگاکانی جەژنی و گەڕەکی حەماڵاوا چالاکییان بەڕێوە برد. لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکان لە سەقز لە بە نووسینی دروشم دژی ڕێژیم لەسەر دیوارەکان بە دروشمی وەک: «بژی ڕاسان، ڕاسان بەردەوامە، بژی حدکا، بەرز بێ یادی ڕێبەرانی شەهید» و چەندین دروشمی دیکە بەرپەرچی دروشمەکانی ڕێژیمیان دایەوە و وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی دێموکرات نوێ کردەوە.

ئەندامانی نەترسی حیزبی دێموکرات لە شارەکانی بانە بە بڵاوکردنەوەی پۆستێری ڕێبەرانی شەهید «قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها لە مەریوان پێشمەرگەکانی شار لە «فەلەکەی باوە ڕەشی، فەلەکەی موعەلیم، کۆڵانی ئاگاهی، پشتی کەلانتەریی ١١، چوارڕای ئەسڵی، شەبڕەنگ، داسێرانی قەدیم، مزگەوتی حەمزە و مزگەوتی هەژارە» لە بەرەبەری ساڵڕۆژی شەهیدانی کۆساڵان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

### ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە سەقز خۆشەویستی و پێگەی بەرزی حیزبی دێموکراتیان بە ڕێژیمی ئێران سەلماندەوە

ئەندامانی تێکۆشەر و بەهەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز لە چالاکییەکی تەبلیغیدا لە وڵامی پرۆپاگەندەکانی ڕێژیمی ئێران دژی ئەو حیزبە، خۆشەویستی و پێگەی بەرزی حیزبی دێموکراتیان لەنێو دڵی خەڵکی کوردستان بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سەلماندەوە.

ئەو چالاکییە داوی ئەوە بوو کە بنکە و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران لە شەقام و کۆڵانەکانی شاری سەقز دژی حیزبی دێموکرات دروشمیان نووسیبوو.

تێکۆشەرانی دێموکرات بە نووسینی «بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، بژی ڕاسان» لە سەر دیواری گەڕەکەکانی شاناز، سەعدی، سەرقەبران و مەلقەرەنی» وڵامێکی توندیان بە دژبەرانی حیزب دێموکرات کە ئاڵاهەڵگری خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە دایەوە.

پێگە و خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات کە ٧٦ ساڵە لە پێناو وەدیهێانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و چاوی دوژمنانی کوێر کردووە و بۆیە ڕێژیمی ئێران بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا بەدناو بکات، بەڵام هیچکات سەرکەوتوو نەبووە.

### لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ لەسەر ڕێگای بۆکان ـ میاندوئاو چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی ڕێکەوتی ٩ لەسەر ١٠ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی پێشمەرگەکانی شار بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٣٣ـەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» و هاوڕێیانی لەسەر ڕێگای بۆکان ـ میاندواو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. پێشمەرگەکانی شار لە نێوان گوندەکانی «داشبەند و مەڵالەر» بە نووسینی دروشم و کێشانەوەی ئاڵای کوردستان لەسەر شاخەکانی ئەو ناوچەیە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ڕۆڵەکانی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییانە، یاد و ناوی ڕێبەری مەزنی گەلی کورد دوکتور «قاسملوو» و هاوڕێیانیان بەرز ڕاگرت و هەیبەتی ڕێژیمی داگیرکەریان لەو ناوچەیە تێک شکاند.

### سەوڵاوا؛ بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی کۆساڵان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، پێشمەرگەکانی شار لە شاری سەوڵاوا بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کۆساڵان، لە چەندین شوێن چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

پێشمەرگەکانی شار لە شوێنەکانی وەکوو «کۆساڵان» و «پارکی بەسیجی سەوڵاوا» بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر، یادی ئەو شەهیدانەیان بەرز ڕاگرت.

تێکۆشەرانی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییانە پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ خوێنی ئەو شەهیدانە نوێ کردەوە و پەیمانیان دا کە تا سەر درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان دەبن.

### درێژەی پەیڤ

سیماکان و هاتنە سەرکاری چەند کەس بە ناوی دیکەوە نابێ. چوونکە بناخەی ئەم جۆرە لە ئێرانیبوونە وەلەرزە کەوتووە. ئێرانیبوونێك کە تەنیا و تەنیا ستەم بەرهەم دێنێتەوە، خودی نەتەوەی فارسیش تێیدا ئاسودەیی نابینن چوونکە هەموو دەورەیەك ناچار دەبن پاڵ وە دیکتاتۆرێکی دیکەوە بدەن تا نەتەوەکان سەرکوت بکا و دوایەش دادەگژێتە سەر خودی فارسەکانیش!

تەنیا ئێران و ئێرانیبوونێك دەتوانێ دەوامی هەبێ و ئاشتی بۆ ناوچە و گەشەکردن لە نێوخۆ بەرهەم بێنێ کە هەر وەکوو نەمر دوکتور قاسملوو دەڵێ، هەڵاواردن فڕێ بدا و پێناسەی ئێرانی بگۆڕێ. ئەو ئێرانە نوێیە کە دروست دەکرێ دەبێ مەیلی دڵخوازانەی نەتەوەکان ڕابکێشێ تاکوو ئێران پێکەوە بە هاوبەشی و بە پێناسەی هاوتاوە دروست بکەنەوە. مەرجی بەردەوامیی ئێران هاوتایی نەتەوەکانە لە بڕیاردانـدا.

# فینۆمینۆلۆژی ئەندێشەی "قاسملوو"

شاهۆ حوسێنی



## پێشەکی:

ڕەنگە هەڵە نەبێت ئەگەر بگوترێ لاوازی نەزەری و هزری گرینگترین دیاردەی خەباتی کورد بووە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمڕا کە وەک دەسپێکی ناسیۆنالیزمی کوردی و خەباتی مۆدێرنی کوردی پێناسە دەکرێت، کە بە دەرکەوتنی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان دەست پێدەکات، ئەم هەژاری و لاوازییە وەهای کردووە کە لە تەنیشت خەباتی نەتەوەیی، دوو ئایدیۆلۆژی بەهێز وەک ئەزموون و ئاگاییەکی دەرەکی بتوانن لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا هێژمۆنی پەیدا بکەن؛ یەکیان ڕوتی چەپی ئۆرتۆدۆکسییە بە دوو تایبەتمەندی دژەنەتەوە و دژەدەوڵەتبوون کە لەسەر ژێرخانی سێ ڕەوتی لێنینیزم، مائۆئیزم و ئانارشیزمدا پەرەیان پەیدا کردووە، دووهەمیان ڕەوتی ئایینخوازییە کە لە ڕۆژهەڵات سەرەتا خۆی لە دوو ڕەوتی موفتی‌زادە و ئیخواندا دەدیتەوە بەڵام دوایی و لەپاش هێرشی یازدەی سێپتامبر و دەرکەوتنی فەرمی ئەلقاعیدە، ڕەوتی جیهادیزم بە دوو باڵی ئەلقاعیدە و داعش لە کوردستان دەرکەوتن. ئەم ڕەوتانە هەڵگر و پەرەپێدەری ئایدیۆلۆژیگەلێکن وەک ئاگایی و ئەزموونی دەرەکی کە بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری کوردستان نین بەڵام کێشەکە ڕێک لێرەڕا زەقتر دەبێتەوە کە ڕەوتی نەتەوەخوازی کوردی خاوەنی هیچ گوتارێک وەک فۆڕمێک لە ئاگایی زەینی و مەعریفی کە لەخۆگری پێناسەیەک لەمەڕ مرۆڤ، کۆمەڵگا و جیهان بێت لەلایەک و لەلایەکی‌تر فۆڕمێک پێوەندی لەنێوان ئەم دیاردانە دەربخات نەبوو. بۆوێنە دێکارت فۆڕمێک پێناسە لەژێر ناوی سوبژە لە مرۆڤ دەردەخات، ئایینەکان پێناسەیەکی ئۆبژێکتیڤیان لەمەڕ مرۆڤ هەیە، یان هێگل کاتێ سۆبژێکتیڤیزم دەخاتە چوارچێوەی نەتەوەیی لەمەڕ فۆڕمی پێوەندی نێوان سووژەکان بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی دیالێکتیک بە مانای بوونە جیاواز و دژبەرەکان، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سووژەکان لە ڕێی پێوەندی ئینتێرسۆبژێکتیف یەکتر دەناسنەوە. ئەم ڕەوتە درێژەی هەیە تا دەگاتە کورتەباسی شەهید دوکتور "قاسملوو"؛ لەڕاستیدا کورتەباس یەکەم ڕیساڵەی سیاسییە کە لەودا «"قاسملوو"» ڕوانگە کەسییەکانی خۆی لەسەر مەسەلەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دەخاتە ڕوو. «"قاسملوو"» لە کورتەباسدا دەگەڕێتەوە سەرچاوە واتە مارکس و لە لقوپۆپەکان لادەدات، ئەو بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری خۆی دارێژەری فۆڕمێک لە ئەندێشە و ئایدیایە.

## فینۆمینۆلۆژی:

فینۆمینۆلۆژی بزاڤێکی فەلسەفی مۆدێرنە کە شرۆڤەی پێکهاتەی ئەزموون و ئاگایی دەکات. گرینگترین دیاردە لە ڕوانگەی فینۆمینۆلۆژیستەکان ئەو سووژە و بابەتانەن کە پەیوەندییان بە ئاگایی و ئەزموونی مرۆڤەوە هەیە، بە واتایەکی‌تر هەر شتێک کە مرۆڤ ئەزموونی دەکات. مەبەست لە توێژینەوەی فینۆمینۆلۆژیک شرۆڤە و ناسینی دەرکەوتەکانن ئەو جۆرەی کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئەزموون دەکرێن. مۆدێرنبوونی ئەم بزاڤە لەم ڕووەوەیە کە مرۆڤ وەک سووژە، ناسکاری سەربەخۆ، خۆبنیادنەر و خۆپێناسەکەری سەربەخۆ، تەوەرەی سەرەکی و بنەڕەتی فام و پێناسەی دیاردەکان و جیهانە. لە فینۆمینۆلۆژیدا شرۆڤەکار هەوڵ دەدات بەبێ قەزاوەتی ئەرزشی و سەرنجی لایەنگرانە، دەرکەوتەکان شرۆڤە بکات. لەڕاستیدا لە چوارچێوەی شرۆڤەی فینۆمینۆلۆژیکدا شرۆڤەکار نیزام و جیهانێکی مانایی دەخولقێنێت، واتە هەوڵ دەدات جیهانی ژیاوی مرۆڤ و ئەزموونی ژیانی مرۆڤ موتالا بکات و دەری بخات، بەم شێوەیە جیهانێکی مانایی دەخولقێنێت. بێگومان مەبەستی شرۆڤەکار لە شرۆڤەی ئەزموونیی ژیانی مرۆڤ لەم بزاڤەدا، دەرخستنی فام و دەرکی ماناکانی ئەزموونی ژیانی مرۆڤەکانە ئەو جۆرەی کە ژیاون. لەڕاستیدا لە شرۆڤەی فینۆمینۆلۆژیستانەدا گرینگی دەدرێت بە ئەزموون و ئاگاییەکانی مرۆڤ، ئەوانەی کە لە پێوەندی نێوان ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری خۆیدا بەرهەم هاتووە. گرینگی توێژینەوە فینۆمینۆلۆژیستانە لەوەدایە کە بەپێچەوانەی دیاردەی باو و پۆزیتیڤیستانە لە کوردستان کە گرینگی دەدرێت بە ڕواڵەت و پێکهاتە ڕواڵەتییەکان، گرینگی دەدات بە ناوەرۆکی هزری و مەعریفی، زەین، ئەزموون و ئاگایی مرۆڤ وەک ژێرخانی دەرکەوتنی دەرکەوتە ڕواڵەتییەکان. لە توێژینەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئەمڕۆکە بە بەربڵاوی کەڵک لە شێوازی فینۆمینۆلۆژیک وەردەگیرێت و باسی پێکهاتەی زەینی، ئەزموون و ئاگایی مرۆڤەکان دەکرێت وەک بەستێن، بزوێنەر، پاڵنەر و دەرخەری فۆڕمە ڕواڵەتییەکان. یەکێک لەو دیاردانەی بەم شێوازە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت چەپە. لە دەلاقەی ئەم چەمکەڕا، چەپ نە بە مانای ئەو پێکهاتە و ڕێکخراوە ڕواڵەتی و ئایدۆلۆژیکییانەی کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیکی ڕادیکاڵن کە بە مانای فۆرمێک حزووری زەینی و پێکهاتەیەک لە ئاگایی شرۆڤە دەکرێت.

### سۆبژێکتیڤیزم لە ئەندێشەی "قاسملوو"دا

دەسپێکی خەبات و دەرکەوتنی سیاسی "قاسملوو" لە چوارچێوەی چەپی ئۆرتۆدۆکسیدا بوو، فۆڕمێک لە چەپ کە خاوەنی ڕوانگەیەکی ئۆبژێکتیڤیستانە بە نیسبەت مرۆڤ بوو، ئەگەر مارکس باسی لە گرینگی ئاگایی چینی وەک دەسپێکی خەبات و بەربەرەکانی بە دژ سەرمایەداری دەکرد، ئەوا لێنین ئاگایی بە سەر تاک و کۆمەڵگادا سەپاند. لەڕاستیدا هێژمۆنی نەزەری و سازمانی حیزبی تودە وەک نوێنەری بەرەی چەپ وەهای کردبوو کە بەشێکی زۆری چالاکانی سیاسی کورد پێوەندی ڕێکخراوەیی لەگەڵ بگرن و وەک کەرەستەیەک هەوڵیان دەدا بەکاری بێنن بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و دەسەڵاتی ئیستبدادی و پاوانخوازی پەهلەوی. لەڕاستیدا ئەم چەپە ئایدیۆلۆژیکەی کە حیزبی تودە سەرەتا و دوایی چریکەکانی فەدائیانی خەڵق نوێنەرایەتیان دەکرد، وەک فۆڕمێک ئەزموون و ئاگایی، بەرهەمی ژینگەیەکی کلتووری و کۆمەڵایەتی دەرەکی بوو کە لانیکەمترین وێکچووی لەگەڵ ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەبوو، واتە ئەو تاکانەی کە شوێنکەوتەی ئەم ئایدۆلۆژییە بوون وەک فۆرماسیۆنێک لە ئاگایی و ئەزموونی هزری و ڕواڵەتی تاک، لە کردەوەدا هیچ هەوڵ و کۆششێکی نەزەریان نەبوو بەڵکوو تەنیا شوێنکەوتە بوون، بۆیەش گرینگترین تایبەتمەندی ئەم بوونانە ئۆبژێکتیڤبوونیان بوو. بەهاری پراگ و هێرشی تانکەکانی سۆڤییەت بۆ چێکۆسلاواکی بێگومان چەخماخە و پاڵنەری ئاڵوگۆڕی لە ئەندێشەی "قاسملوو"دا بوو. "قاسملوو" سێ دیاردەی گرینگ ئەزموون دەکات: یەکەم گرینگایەتی سەروەری نەتەوەیی، دووهەم زەروورەتی سوبژەبوون (سەربەخۆبوون) و سێهەم فاشێلبوونی چەپی مەوجوود. "قاسملوو" دەرک بە زەروورەتی پەرەی کۆمەڵایەتی دەکات وەک ڕەهەندێک کە چەپ بەرپرسیارێتی و وەک ئەرک ڕایدەپەڕێنێت، بەڵام ئەم ئەرکە لە هەناوی سیاسەتڕا دەگووزەرێت، بۆیەش "قاسملوو" باس لە حیزبێکی پێشڕەوی نەتەوەیی دەکات کە خاوەنی دوو باڵی گرینگە یەکەم چەپ و دووهەم نەتەوەییبوون. "قاسملوو" وەک منالّی ڕاستەقینەی سەردەم و کۆمەڵگای خۆی (کوردستان) لە چەپی ئۆرتۆدۆکسی لادەدات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی چەپ واتە مارکس، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێتە دواکەوتەی مارکس بەڵکوو وەک سەرچاوە، لەسەر ئەساسی ئەندێشەکانی مارکس وەک گەوهەری چەپی سەردەم گوتارێک بەرهەم دەهێنێت کە دالی ناوەندییەکەی عەداڵەتە و دالەکانی پەراوێزی ئەم گوتارە خودموختاری و دێموکراسین؛ ئەم وەرچەرخانەی "قاسملوو" لەڕاستیدا لادانێکە لە ئۆبژەبوونی وەک گوێڕایەڵ و ملکەچی ئادیۆلۆژییەک. "قاسملوو" سەربەخۆیی لە بڕیاردان دەکاتە گەوهەری گوتارەکەی، ئەم سەربەخۆییە لە تاکڕا کە "قاسملوو" بێت دەست پێدەکات بە لادان لە ئایدیۆلۆژییەک و بەرهەمهێنانی ئایدیایەک بۆ کورد. واتە "قاسملوو" بەم ڕەوتە وەک مرۆڤێکی سوبژە، سەربەخۆ لە خۆپێناسەکردن، خۆدەرخستن و وەک بکەرێکی ناسکار دەردەکەوێت، بەم شێوەیە کورتەباس بەرهەم و دەسپێکی ڕەوتی نەزەری سوبژێکتیڤیزمە، ئەم سەربەخۆییە لە حیزبدا دەبێتە سەربەخۆ لە بڕیاردان و لە ئاستی نەتەوەییدا دەبێتە خودموختاری، واتە دەشێ بگوترێ کە کورتەباس لە هەناوی خۆیدا گوتارێکی نەتەوەییشە بۆ کورد، کە لەسەر ئەساسی سوبژێکتیڤیزم بەرهەم هاتووە.

### فینۆمینۆلۆژی چەپ لە ئەندێشەی "قاسملوو"دا

وڵام بە پرسیار لە چیەتی چەپ لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەنگە زۆر ساکار و سادە بێت، بەڵام دەشێ زۆریش دژوار بێت. کۆی گشتی وڵامەکان بەم پرسیارە دەکرێ دابەش بکرێت بە دوو دەستە وڵام؛ دەستەیەک لە وڵامەکان پۆزەتیڤیستانەن، واتە گرینگایەتی بە ڕواڵەت و فۆڕمی ڕواڵەتی دەرکەوتەکان دەدەن، دەستەیەکی تر بەپێچەوانە گرینگی بە ناوەرۆک، زەین و هزری دەرکەوتەکان دەدەن بۆ پێناسەکردن. چەپ بەگشتی بە ڕوانگەگەلێک دەگوترێت کە خوازیاری عەداڵەتن لەڕێی ئاڵوگۆڕە ڕادیکاڵ یان ئارامەکان. لێنینیستەکان، مائۆئیستەکان و... هتد خوازیاری ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵن و سۆسیالدیمۆکراتەکان و باوەڕمەندانی بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک خوازیاری ئاڵوگۆڕی ئارام و هەنگاو بە هەنگاون. وێکچووی هەموو ڕوانگەکانی چەپ عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە، بەڵام تەنیا سۆسیالدیمۆکراتەکان و پەیڕەوانی ئەندێشەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک باوەڕیان بە عەداڵەتی سیاسی هەیە. لەڕاستیدا چەپی ئێرانی و ئەو چەپەی لە کوردستان دەرکەوتن بە هەموو باڵەکانییەوە پەیڕەوی لێنینیزم یان مائۆئیزم بوون، ئەوان بەپێچەوانەی ئەندێشەکانی مارکس کە لەخۆگری ڕوانگەیەکی سۆبژێکتیڤیستانە بوو، واتە باوەڕی بە ئاگایی سەربەخۆیانەی چینی پرۆلتێر هەبوو، لەڕێی حیزبێکی پێکهاتوو لە سیاسییە پرۆفێشناڵەکان فۆڕمێک ئاگایی بە سەر چینی پرۆلتێر و کۆمەڵگادا سەپاند، لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئایدیۆلۆژیکەکەیان جیهانشموول بوو، واتە پێویست بوو بەبێ کەموکوڕی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە کلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەکان ڕەچاو بکرێت، کەواتە دەشێ بگوترێ کە ئەوان ڕادیکاڵ بوون و ڕوانگەیەکی ئۆبژێکتیڤیان هەبوو. "قاسملوو" لە کورتەباسدا وەک سووژەیەکی کوردی دەردەکەوێت، سەرەتای ئەم سووژەبوونە بە دابڕان لە بوونێکی ئۆبژەی چەپی ڕووسی دەست پێدەکات، لە هەنگاوی دووهەم سەربەخۆیانە و وەک بکەرێکی ناسکار خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگاکەی کە کوردستانە دەکات، لە هەنگاوی سێهەمدا سەربەخۆیانە ئەندێشە و گوتارێک بەرهەم دەهێنێت. لەڕاستیدا "قاسملوو" بە گەڕانەوە بۆ مارکس وەک سەرچاوە و بەتەوەرەگرتنی عەداڵەت وەک دالی ناوەندی گوتارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی وەک دژبەری پانئێرانیزم دەردەکەوێت کە هەوڵی کوردسڕینەوە، بەرهەمهێنانی بوونێکی ئۆبژە و دەسکردی لە کورد دەدا، ئەم سۆبژەبوونە لە "قاسملوو"یەکی خۆدارێژەر و خۆپێناسەکەرەوە دەست پێدەکات و بە داڕشتنی دێموکراسی و خودموختاری وەک دالی پەراوێزی گوتارە سیاسییەکەی بەرهەمهێنی گوتارێکی ناسیۆنالیستیشە بۆ کورد لە سەر بنەما و ژێرخانی عەداڵەت، واتە ئەو عەداڵەتی ئابووری لە ئەندێشەی مارکس وەردەگرێت و پەرەی پێدەدات بۆ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە ئاستی سیاسیدا سوبژێکتیڤیزم لە ئەندێشەی "قاسملوو"دا لە خودموختاریدا دەردەکەوێت، بە مانای شەرعییەت و سەربەخۆیی لە خۆپێناسەکردنی نەتەوەیی و چارەی خۆنووسین؛ کەوابێ دەشێ بگوترێ کە "قاسملوو" ئەندازیاری چەپی کوردییە، چەپێک کە لەژێر کارتێکەری تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگای کوردی ڕێگاچارەیەکی کوردستانی دەخاتە ڕوو.

## ئاکام:

ئەگەر چەپی ئۆرتۆدۆکسی و ڕادیکاڵ لە کوردستان بەرهەمهێنی بەرکارە، ئەوا "قاسملوو" بەرهەمهێنی بکەرە بە کورتەباس. "قاسملوو" لە کورتەباسدا بڕیاردەرە بەپێچەوانەی ئەو بوونانەی کە پەیڕەوی چەپی ئۆرتۆدۆکسی و ڕادیکاڵن کە بڕیاریان بۆ دراوە و ئەوان تەنیا ڕەچاوی بڕیارەکە دەکەن.

"قاسملوو" بە کورتەباس ئاسۆی حەرەکەت و چارەنووسی خۆی سەربەخۆیانە دیاری دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە کە پەیڕەوانی چەپی ئۆرتۆدۆکسی و ڕادیکاڵ ئاسۆی حەرەکەت و چارەنووسیان بۆ دیاری کراوە. "قاسملوو" بە جومگەبەندیکردنی گوتارەکەی لە دەوری دێموکراسی وەک دالی پەراوێزی لەڕاستیدا تەواوکەری سوبژەی تاک دادەهێنێت و لێرەدا تەواو لەژێر کارتێکەری هێگلدایە کە سوبژێکتیڤیزمی دێکارتی لە تاکەوە دەگوازێتەوە بۆ نەتەوە و ئەم پێوەندییەش کە سوبژەکان لێک گرێ دەداتەوە و بەرهەمهێنی نەتەوەیە وەک مێتاسوبژەیەک، پێوەندی ئینتێرسۆبژێکتیڤە کە هێگل بە ڕایەڵی دیالێکتیك بە مانای شەرعییەتی، بوونە جیاواز و دژبەرەکان لێکیان گرێ دەداتەوە، لە گوتاری "قاسملوو"دا دێموکراسی بە مانای پێوەندی ئینتێرسۆبژێکتیڤی سوبژە جیاوازەکان لەلایەک و لەلایەکی تر بە مانای پلۆرالیزمی بوونە جیاواز و دژبەرەکانە. چەپ بۆ "قاسملوو" بە مانای بوونێکی ڕواڵەتی و فۆرمالیتە نییە، بەڵکوو بە مانای حزوورە، حزوورێکی سوبژێکتیڤ و مەعریفییانە.

> **"قاسملوو" بەم ڕەوتە وەک مرۆڤێکی سوبژە، سەربەخۆ لە خۆپێناسەکردن، خۆدەرخستن و وەک بکەرێکی ناسکار دەردەکەوێت، بەم شێوەیە کورتەباس بەرهەم و دەسپێکی ڕەوتی نەزەری سوبژێکتیڤیزمە، ئەم سەربەخۆییە لە حیزبدا دەبێتە سەربەخۆ لە بڕیاردان و لە ئاستی نەتەوەییدا دەبێتە خودموختاری، واتە دەشێ بگوترێ کە کورتەباس لە هەناوی خۆیدا گوتارێکی نەتەوەییشە بۆ کورد، کە لەسەر ئەساسی سوبژێکتیڤیزم بەرهەم هاتووە**

> **دەشی بگوترێ کە "قاسملوو" ئەندازیاری چەپی کوردییە، چەپێک کە لەژێر کارتێکەری تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگای کوردی ڕێگاچارەیەکی کوردستانی دەخاتە ڕوو**


> **"قاسملوو" بە کورتەباس ئاسۆی حەرەکەت و چارەنووسی خۆی سەربەخۆیانە دیاری دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە کە پەیڕەوانی چەپی ئۆرتۆدۆکسی و ڕادیکاڵ ئاسۆی حەرەکەت و چارەنووسیان بۆ دیاری کراوە**

> **لە گوتاری "قاسملوو"دا دێموکراسی بە مانای پێوەندی ئینتێرسۆبژێکتیڤی سوبژە جیاوازەکان لەلایەک و لەلایەکی تر بە مانای پلۆرالیزمی بوونە جیاواز و دژبەرەکانە**

# ئێران شامی شەریفە!

شەماڵ تەرغیبی

**بەشی چوارەم و کۆتایی**






## پێشەکی

ڕێکەوتی ٢٦ی دێسامبری ١٩٩١ی زایینی بەرامبەر لەگەڵ ٥ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی و تەنیا ڕۆژێک پاش دەست لەکارکیشانەوەی میخاییل گۆرباچۆف سەرکۆماری شۆڕەوی پێشوو، شۆرای باڵای یەکیەتیی سۆڤییەت سەربەخۆیی ١٥ وڵاتی نوێی بە فەرمی ناسی و بەمشێوەیە کۆتایی بە تەمەنی ئەم یەکیەتییە هات و ئاڵای داس و چەکوش لە کۆشکی کرێملین هێنرایە خوار.

زۆر کەس لەو کاتەدا و تەنانەت ئێستەش پێیان وایە هۆکاری ڕووخانی ڕێژیمی سۆڤیەت پرۆسەی «پێرێسترۆیکا و گلاسنۆست» یان « ڕێفۆرمی ئابووری – پێکهاتەیی و کەشی کراوە و ئازادی دەربڕین» بووە کە ئەگەر ئەمەش وەک هۆکاری بناغەیی ببینین کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش بوونیان هەبووە کە بێ‌شک پرسی گەشەی ناسیۆنالیستی و خواستە نەتەوەییەکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوناسی نەتەوەیی یەکێک لەو پرسانەیە؛ بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدرێت بەشێوەیەکی بەراوردکارانە دۆخی ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابووریی ئێستەی ئێران لەگەڵ ئەودەمی شۆڕەوی لە چەند سۆنگەی جیاوازەوە هەڵبسەنگێنین.

## هۆکاری «شوناسخوازی»

وەک لە بەشەکانی پێشووی ئەم زنجیرەوتارەدا باسی لێوە کرا یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو سیستمێکی حوکمڕانی چەند نەتەوەیی بوو کە جێگەی بەتاڵی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیەی تێزاری گرتەوە. لە ١٥ دەوڵەتی کۆماری پێک هاتبوو کە بڕیار بوو هەموان وەک گەلی برا خاوەنی مافی وەک یەک و یەکسانی بەمانای ڕاستەقینەی وشە بن؛ بۆ نموونە ئەگەر تاکێکی ڕووس لە مۆسکۆ خاوەنی ئازادی تاکەکەسییە و لە هەموو مافێکی ئینسانی بەهرەمەندە ئەوا تاکێکی دیکەی نێو نیزامی شۆڕەوی لە دووشەمبە یان قەرەباغ کە بە ڕەچەڵەک تورکمان یان تاجیک یان ئازەرییە دەبێ هەمان ماف و ئازادی هەبێ بەڵام پاش چەند ساڵ لە تەمەنی یەکیەتیی سۆڤییەت دەرکەوت کە ئەوە تەنیا هەندێ درووشمی زریقەوبریقەداری نێو چیرۆکەکانن و لە دنیای ڕاستیدا نەتەنیا ئەم یەکسانییە خەیاڵییە بوونی نییە بەڵکوو بەپێچەوانەوە کەمترین ئازادییەکانیش کە پێشتر بەپێی نەریت و کلتووری ئەم نەتەوانە بوونیان هەبوو دەسڕدرانەوە چونکە وەک لە مانیفێستی شۆڕەویدا هاتبوو ئەوانە بۆ کۆمەڵگای سووسیالیستی زەرەرمەند بوون و قازانجیان نەبوو! بەکورتی بە تێپەڕینی زەمەن دەرکەوت کە ئەو چەند کەسەی لە مۆسکۆ و لە کۆشکی کرێملین بڕیار بە دەست بوون هەموو هەوڵ و کۆششیان ئەوە بوو کە وەک کۆلۆنی لەگەڵ دەوڵەتە کۆمارییەکان هەڵسوکەوت بکەن و بە هەڵلووشینی سامان و داراییەکانیان تێبکۆشن ڕووسیا بەهێزتر، دەوڵەمەندتر و زەبەلاحتر بکەن هەر بۆیە لە ئامرازەکانی بەردەستیان و یەک لەوان فێرکاری و بارهێنان کەڵکاوەژوویان وەرگرت و زمان و فەرهەنگی ڕووسیان لە زۆربەی ناوچەکان زاڵ کرد.

گلاسنۆست بووە هۆکاری ئەوەیکە زۆرینەی خەڵک و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ڕابردوو بەو ڕاستی و کەتوارە بگەن کە سەرکوتە خوێناوییەکانی پێشوو کە بە ناوی چێکردنی کۆمەڵگای سووسیالیستی ئەنجام دەدران، لەوانەش قاتوقڕی دەسکردی دەیەی ١٩٣٠ لە ئۆکراینا، داگیرکردنی وڵاتانی دەریای باڵتیک و ناوچە ڕۆژاواییەکانی ئۆکراینا و کۆچی زۆرەملیی زۆرێک لە گرووپە ئێتنیکییەکان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی، تەنیا هەندێ هەنگاوی فاشیستییانەی کرێملین بووە بۆ خۆفەرزکردنیان و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات.

ئەم ڕووداوانە و ڕوونبوونەوەی ئەم کەتوارانە کۆمەڵێک شەپۆلی بەهێزی ناسیۆنالیستی و شوناسخوازی بەدوای خۆیدا هێنا کە لە ناخی خۆیاندا هەڵگری ویستێک بوون بەناوی «دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە فۆڕمی خودموختاری»دا.

**لە ئێرانی ئێستەشدا و لە سیبەری هاتنی سووشیالمیدیا و زیادبوونی پێوەندییەکان و بەرزبوونەوەی ئاگایی و وریایی خەڵک بەتایبەت بەرزبوون و بەهێزبوونی هەست و شعوری نەتەوەخوازی و شوناسخوازی لەنێو نەتەوەکان دەبینین کە خەڵک بە تەواوی بۆیان ڕوون بۆتەوە، ئەوەی تا ئێستە بەناوی دین و ئیسلام و دواڕۆژی گەش دەرخواردیان دراوە تەنیا هەندێک ژاری شیرینکراو بووە و هیچی تر. هەر ئەمەشە کە دەبینین لە سەرانسەری جوغرافیای نەتەوەکان شەپۆلی بەهێزی ناسیۆنالیستی و شوناسخوازی سەریان هەڵداوە کە لە ناخی خۆیاندا هەڵگری ویستێکن بەناوی «دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە فۆڕمی جۆراوجۆری وەک فیدراڵیزم**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم باسەی کە ئاماژەی پێکرا دەپڕژینە سەر دۆخی ئێستەی ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی؛ لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لەلایەن ئاخوندەکانی جەمارانەوە بە ڕێبەریی خومەینی، کۆمەڵێک درووشمی زریقەوبریقەدار و ڕەنگاڵە لە قازانجی هەموو دانیشتووانی جوغرافیای ئێران، هەر لە وادەی بەخۆڕاییکردنی پێداویستییەکانی ژیان و دابینکردنی خۆشبژێوی و گەیاندنی تاکەکان بە پلەی «ئینسانییەت»ەوە بگرە تا دەگاتە ئاسانکردنی گەیشتن بە بەهەشت دران؛ لەو نێوەشدا ئیتنیک و نەتەوەکانی نیشتەجێ لەم جوغرافیا بێبەش نەکران و بەڵێن درا کە لەبارترین و شیاوترین دۆخیان بۆ بڕەخسێندرێ تا هەموان بە یەکسانی و وەک یەک ژیان بکەن کە بەداخەوە کەم نەبوون ئەو تاکانەی فریوی ئەم جۆرە پڕوپاگەندانەیان خوارد و لەگەڵ لەشکری خومەینی کەوتن.

لەو نیوانەدا وەک بەڵگە مێژووییەکان شاهیدی دەدەن کورد تەنیا نەتەوەیەک بوو کە هەر لەسەرەتاوە «نا»یەکی قورس و قایمی پێ وتن کە ئەم مژارە لە دەرەتانی دیکەدا دەبێ شەنوکەوی بۆ بکرێت.

بەهەرحاڵ کۆماری ئیسلامی بەو درووشمانەی کە قەرار بوو بە زاڵکردنی ئیسلامی ویلایەتی بێنە دی، هاتە سەر کار و لە یەکەم هەنگاوەکاندا پاشەکشێ و سەرکوتی مافویستان دەستی پێکرد. ئازادیخوازان و چالاکانی سەر بە نەتەوەکان کە کڵاوی خومەینی چبووە سەریان، گیران و لە بەندیخانەکان خۆیان دیتەوە، هەندێکیان دۆسیەیان بۆ ساز کرا و ئێعدام کران.

هاوشێوەی شۆڕەوی پێشوو قەتڵوعام و کوشتار بەناوی داکۆکی لە ئیسلام دژ بە کورد، تورکمان، لوڕ و عەرەبەکانی ئێران دەستی پێکرد.

**کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بیری ئایدیۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە و بۆ مانەوەی خۆی هاوشێوەی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت هەوڵ دەدات و لەم نێوانەدا نە برسیەتی خەڵک، نە بێماڵی ئەوان، نە ویستی دنیای دەرەوە و نە هیچ پرسێکی تر گرینگی نییە بۆی کەواتە سروشتی دێتە بەرچاو کە دەبینین خەڵک لە برسان دەمرن و دەسەڵاتیش بە پانەوە درۆ دەکات و دەڵێ ئێران شامی شەریفە**

فەرمانی بەدناوی جیهاد درا و سەدان کەس لە فریوخواردووانی کۆماری ئیسلامی ڕوویان لە کوردستان کرد تاکوو کلیلی بەهەشت وەربگرن.

لە خاکەلێوەی ٥٨ و دواتریش لە ڕێبەندانی هەمان ساڵ پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کوشتاری تورکمەنسەحرایان خوڵقاند؛ لە جۆزەردانی ساڵی ٥٨ چەکدارانی سەر بە جەماران بەناوی ئیسلام و پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی شۆڕش، سەدان لاو و چالاکی عەرەبی ئەحوازیان کوشت.

وەک لە سەردەمی شۆڕەویدا دیتمان و باسمان کرد ئەم سیستمە حوکمڕانییە لە ١٥ دەوڵەتی کۆماری پێک هاتبوو کە بڕیار بوو هەمووان وەک گەلی برا خاوەنی مافی وەک یەک و یەکسانی بەمانای ڕاستەقینەی وشە بن؛ لە ئێرانیشدا ئەم جوغرافیا دەسکردە لە ٥ نەتەوەی سەرەکی کە بریتین لە کورد، تورک، عەرەب، تورکمان، بەلوچ و چەندین کەمینەی نەتەوەیی و ئایینی دیکە پێک هاتووە کە وەک هێمای بۆ کرا پێیان وترابوو لەسێبەری ئیسلامێک کە خومەینی داشداری دەکات بە پێگەی بەرزی ئینسانی دەگەن و لە مافی وەک یەک بەهرەمەند دەبن بەڵام ئەوەیکە ئەمڕۆ دەبیندرێ هاوشێوەی شۆڕەوی پێشوو لە جەمارانەوە هەندێ بڕیار دەدرێ لە ڕاستای هەڵلووشینی سامان و دارایی ناوچە کۆلۆنیکراوەکانی کوردستان، عەرەبستان، تورکستان و بەلوچستانی ئێران و هیچ کات ئەو ماف و ئازادییەی کە بە تاکێکی تارانی یان ئیسفەهانی یان قۆمی دەدرێ بە کوردێکی سنەیی یان بەلوچێکی زاهێدانی یان عەرەبێکی ئەحوازی نەدراوە و ناشدرێ چونکە باوەڕی جەماران ئەوەیە کە ئەمانە نەک نەتەوە نین بەڵکوو خوای مەزن سازی کردوون تاکوو بە خۆیان و سەرزەوینیانەوە خزمەتی دەسەڵاتی پارسی بکەن.

وەک گوترا پاش چەند ساڵ لە تەمەنی یەکیەتیی سۆڤییەت دەرکەوت کە ئەوە تەنیا هەندێ درووشمی زریقەوبریقەداری نێو چیرۆکەکانن و لە دنیای ڕاستیدا نەتەنیا ئەم یەکسانییە خەیاڵییە بوونی نییە بەڵکوو بەپێچەوانەوە کەمترین ئازادییەکانیش کە پێشتر بەپێی نەریت و کلتووری ئەم نەتەوانە بوونیان هەبوو دەسڕدرانەوە چونکە وەک لە مانیفێستی شۆڕەویدا هاتبوو ئەوانە بۆ کۆمەڵگای سووسیالیستی زەرەرمەند بوون و قازانجیان نەبوو! ئەگەر بە چاوێکی کراوەوە لە دۆخی ئێستەی ئێران و خەڵکانی نیشتەجێ لەم جوغرافیاش بڕوانین دەبینین کە ئەم چەند ڕستە چەندە لەگەڵ دۆخی ئێستەی ئێران یەکانگیرە! لە ئێرانیشدا ئازادییە کلتوورییەکانی پیش لە هاتنی سپای ئیسلامی خومەینی بە یاساغ و دژە دین و دژ بە مانیفێستی جەماران پێناسەیان بۆ کرا و ڕەچاونەکردنی ڕەوشتە داسەپاوەکانی تاران حوکمی گیران و ئازار و زیندان و سەرکوتیان هەبوو.بەکورتی وەک چۆن لە شۆڕەوی بە تێپەڕینی زەمەن دەرکەوت کە ئەو چەند کەسەی لە مۆسکۆ و لە کۆشکی کرێملین بڕیار بە دەست بوون و هەموو هەوڵ و کۆششیان ئەوە بوو کە وەک کۆلۆنی لەگەڵ دەوڵەتە کۆمارییەکان هەڵسوکەوت بکەن و بە هەڵلووشینی سامان و داراییەکانیان تێبکۆشن ڕووسیا بەهێزتر، دەوڵەمەندتر و زەبەلاحتر بکەن لە ئێرانیشدا هەمان ڕێچکە گیرایە بەر و ناوەند بە چاوی کۆلۆنی و تەنانەت لە کۆلۆنیش کەمتر سەیری جوغرافیای نەتەوەکانی دەکرد و دەیکات، هەر بۆیە لە ئامرازەکانی بەردەستیان و یەک لەوان فێرکاری و بارهێنان کەڵکاوەژوو وەردەگرن و وەک دەبینین زمان و فەرهەنگی فارسییان لە زۆربەی ناوچەکان زاڵ کردووە.

ئەگەر گلاسنۆست بووە هۆکاری ئەوەیکە زۆرینەی خەڵک و نەتەوە ستەملێکراوەکانی شۆڕەوی بەو ڕاستی و کەتوارە بگەن کە سەرکوتە خوێناوییەکانی پێشوو، کە بە ناوی چێکردنی کۆمەڵگای سووسیالیستی ئەنجام دەدران، تەنیا هەندێ هەنگاوی فاشیستییانەی کرێملین بووە بۆ خۆفەرزکردنیان و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات، ئەوا لە ئێرانی ئێستەشدا و لە سیبەری هاتنی سووشیالمیدیا و زیادبوونی پێوەندییەکان و بەرزبوونەوەی ئاگایی و وریایی خەڵک بەتایبەت بەرزبوون و بەهێزبوونی هەست و شعوری نەتەوەخوازی و شوناسخوازی لەنێو نەتەوەکان دەبینین کە خەڵک بە تەواوی بۆیان ڕوون بۆتەوە، ئەوەی تا ئێستە بەناوی دین و ئیسلام و دواڕۆژی گەش دەرخواردیان دراوە تەنیا هەندێک ژاری شیرینکراو بووە و هیچی تر.


هەر ئەمەشە کە دەبینین لە سەرانسەری جوغرافیای نەتەوەکان شەپۆلی بەهێزی ناسیۆنالیستی و شوناسخوازی سەریان هەڵداوە کە لە ناخی خۆیاندا هەڵگری ویستێکن بەناوی «دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە فۆڕمی جۆراوجۆری وەک فیدراڵیزم».

## کۆبەند:

بەم هۆکارانەی باس کران و ئەو بەراوردکارییەی کە لە سەرەوە کرا، هیچ بە دوور نابیندرێت کە داهاتووی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئاخوندی هەمان سیناریۆ بێت کە شۆڕەوی پێشووی گرفتار کرد؛ کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بیری ئایدیۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە و بۆ مانەوەی خۆی هاوشێوەی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت هەوڵ دەدات و لەم نێوانەدا نە برسیەتی خەڵک، نە بێماڵی ئەوان، نە ویستی دنیای دەرەوە و نە هیچ پرسێکی تر گرینگی نییە بۆی کەواتە سروشتی دێتە بەرچاو کە دەبینین خەڵک لە برسان دەمرن و دەسەڵاتیش بە پانەوە درۆ دەکات و دەڵێ ئێران شامی شەریفە!

## دیار زاگرۆس

# لە تیئۆرییەوە بۆ کردەوە



پژمان شەریعەتی

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا تاکەکان بە بیرکردنەوە لە توانا و لە بەرامبەردا بە نیسبەت نیاز و داخوازییەکان، هەوڵ دەدەن بەرنامەیەک دابڕێژن و تیئۆرییەکیان هەبێت بۆ ژیان؛ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دارشتنی پلانە و تەنانەت لە گیانلەبەرەکانی دیکەیشدا هەیە کە بۆ هێلانەسازکردن و ڕاوکردن پلانیان دەبێت، بەڵام جیاوازی مرۆڤ ئەوەیە کە بە بیرکردنەوە دەیکات و ئەگەرەکان و خاڵە نێگەتیڤ و پوزەتیڤەکان لەبەرچاو دەگرێت.

ئەم بابەتە لە نێو نوخبە و بژاردەکان زۆرتر دێتە بەرچاو و دانانی تیئۆری و دارشتنی پلان لەلایەن ئەو توێژە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر کۆمەڵگا کە هەرکامەیان بە لەبەرچاوگرتنی لایەنێک پلان دادەنێن، کە ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ سەر شارەزایی و پسپۆڕی ئەو تاکە لەسەر بابەتێک، بۆ نموونە تاکێکی نوخبەی سیاسی زۆرتر هەوڵ دەدات بە تیئۆری سیاسی و دارشتنی پلان ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگا پێك بهێنێت.

تیئۆری و پلان و باسکردن لە ڕێگەچارەکان بەشێکی سەرەکین لە ئاڵوگۆڕ و هەتا بیر لە بابەتێک نەکرێت و تیئۆریزە نەبێت و پلانی بۆ دانەڕێژرێت کردەییبوونی ئەو ڕێکارە ئەستەمە، کەواتە کردەوە بەشی کۆتایی و وڵامدەرە.

زۆر باس و بابەت هەیە کە لە زەینی تاکەکان و نووسراوە و کتێبەکاندا هەیە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ کردەیی نەکراون و مانەوەیان لەو چوارچێوەیەدا هیچ شتێکیان چارەسەر نەکردووە و بگرە زۆرجار ڕەنگی دروشم بەخۆیەوە دەگرێت.

بەم پێشەکییە دێنە سەر کۆمەڵگای کوردەواری و بە تایبەتی باشووری ڕۆژهەڵات کە بەشێک لە نوخبەکانی تەنیا لە چوارچێوەی تیئۆری و ڕەخنەگر چالاکی دەکەن و زۆرجار هەوڵ دەدەن ئیدەکانیان دیکتە بکەن بە تاک و کۆمەڵگا و لایەنێک بێ‌ئەوەی خۆیان کردەوەیەکیان هەبێت یان لانیکەم لەو ئاستەدا بێت.

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە زۆر بوارەوە لەژێر هێرش و گوشاری داگیرکەردان و پیلانی تایبەتتر بەنیسبەت ناوچەکانی دیکە لەوێدا بەڕێوە دەچێت، دەتوانین بەشێک لەو گیروگرفتانە پەیوەندی بدەین بەو دۆخە، بەڵام ناتوانین وەکوو پاساو بۆ پاسیڤبوون بەکاری بهێنین؛ کەواتە بەشێک لە نوخبەکانی ئەو ناوچانە و زۆرینەی کۆمەڵگای ئەوە دەڤەرە ناچالاکییەکانیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تەنیا لە بەستێنی تیئۆریدا ماونەتەوە و کردەوە لە خۆیان نیشان نادەن یان چاوەڕێن کەسانێکی دیکە کردەیی بکەن.

ئەمە ڕاستییەکە کە بەشێک لە نوخبەکان و خاون هزر و قەڵەمەکان تیئۆریسیەنن و ڕۆڵێکی باش لە کۆمەڵگادا دەگێڕن و بوونیان زەروورەتێکی بێئەملاوئەولایە بۆ کۆمەڵگا، بەڵام نوخبەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تیئۆرییانە هەوڵ بۆ بەکردەییکردن بدەن واتە دابەشکردنی کار لە نێو کۆمەڵگادا زەروورەتی هەیە.

ئەم بابەتە بە نیسبەت چالاکیی حیزبە کوردستانییەکان زۆرتر دێتە بەرچاو و بە بەردەوامی ڕەخنەیان لێ دەگیردرێت و پلانیان بۆ دادەڕێژرێت کە دەبێ لەو ناوچانە بەم شێوەیە کار بکرێت.

لێرەدا حاشا لەوە ناکرێت کە حیزبە کوردستانییەکان بە هەر هۆیەک بووبێت چ لە کەمتەرخەمی و چ هەلومەرج و دۆخی کۆمەڵایەتی و جوغرافیایی کەمکار بوونە لە باشووری ڕۆژهەڵات، بەڵام لە بەرامبەردا ئێمە دەبێت خۆیشمان لەبەر چاو بگرین کە تا چەندە توانیومانە بە نیسبەت دۆخی سیاسیی کوردستان بەشداری چالاکانەمان هەبێت.

ئەوەی ڕوونە و پێویستە دووپات بکرێتەوە ئەوەیە کە بەربەستەکانی داگیرکەر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن بەڵام باسی ئێمە لەسەر بەرپرسایەتی و کردەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕانەیە کە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت سڕی بکات؛ کەواتە دەبێت خەسارناسی ئەو ناچالاکییە بکەین و هەوڵ بۆ چارەسەری بدەین کە ئەوەیش تەنیا بە کردەییکردنی ئەو تیئۆرییانە و ئەو پرسە گرینگە دەگەڕێتەوە کە ئەو تاکە تا چەندە ئامادەیە تێچوو بدات بۆ بیروباوەڕی خۆی و هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبگرێت.

بە گشتی چارەسەری ئەم گرفتە لە کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵات، هەڵدەگەڕێتەوە سەر پێکهێنانی کەشێکی لەبار و سەرنجڕاکێش و پاڵنەری درێژخایەن و لەلایەن حیزبە کوردستانییەکان و گرنگیدان بە دۆخی ئیستراتژیک و کاریگەری ئەو ناوچانە لە بە ئاکام گەیشتنی خەباتی کورد و بەخۆداچوونەوەی تاکەکان بەتایبەتی نوخبەکانی ئەو ناوچانە و دەربازبوون لە تیئۆری و ڕخنە بۆ کردەوە، ئەوەیش بەو واتایەیە کە نە تیئۆری هەبێت و نە ڕخنە، بەڵکوو بۆ بەئاکامگەیشتنی ئەو تیئۆرییانە و چارەسەری گرفتەکان بێت.

# دوکتور قاسملوو، خەزێنەی زمان



**دوکتور قاسملوو، وەک بیرمەند و شۆڕشگێڕێکی بەتوانا، کە لە نێو دوو سیستمی داپڵۆسێنەری پاشایەتی و ئاخوندیدا خەباتی بەکردەوەیی کردبوو، باش هەستی بەم ڕاستییە کردبوو کە سیستمە پاوانخوازەکان، چۆن بیر و مێشکی کۆمەڵانی خەڵک بۆ تەسلیم و بەچۆکداهێنان دەخەنە نێو کۆت و زنجیری کلتوورێکی کۆنەپەرستانە و تاکڕەهەندەوە، هەر بۆیە وێڕای بەگژداچوونەوەی هەر جۆرە سیستمێکی فکری کە چەقبەستوویی بەرهەم دەهێنا، لێبڕاوانە بۆ هەراوکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی کۆمەڵانی خەڵک، کە بەرهەمەکەی ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕەهابوون لە نیری زۆرداریی بوو تێدەکۆشا و لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە بەربڵاوەشدا بیرمەند و ئازادیخوازێکی ناسیبا، هەوڵی دەدا لەگەڵی دیالۆگ بکات و بە گوتاری ڕووناکبیرانەی،**

**چییەتی ئەم دوو نیزامە دیکتاتۆرە بەرێتە ژێر پرسیار و بێگومان بە ڕادەیەک کاریگەریی هەبوو کە دەیکردنە دۆستی هەرەنیزیکی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد**

بیریار

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان، کە لە سیستمەکانی‌تری پێوندی جیادەکاتەوە «داهێنان»ە. مرۆڤ بەخوێندنەوەی تابلۆکانی هاتوچۆی ماشین، ناتوانێ مانایەک زیاتر لە گرێبەستە سەرەتاییەکان بەرهەم بێنێ، بەڵام لە ٢٨ پیتی بێمانای ئینگلیسی دەتوانی نیزیکەی ١٥٠ هەزار وشەی مانادار ساز بکات کە لە بواری مانابییەوە هیچ پێوەندییەکان بەم پیتانەوە نییە کە کەڵکیان لێوەردەگرێ.

دیارە لەم ١٥٠ هەزار وشەیەش نیزیکەی ١٠ بە تەوانی ٢٠ یانی (یەکسەد میلیارد میلیارد) ڕستەی دژوار و ماناگەلی دوور لە زەین بەرهەم دێنێ.

زۆربەی خاوەنڕایانی بواری دەروونناسیی زمان (Isycholingaisties) وەکوو «جین ئاچێسۆن»، باوەڕیان وایە کە «زمان لە بیرکردنەوە لەسەرترە»، یانی پێکهاتەی ئەو زمانەی کەڵکی لێوەردەگرین، شێوەبیرکردنەوەمان دادەڕێژێ. هەربۆیە تا ڕووبەری وشەگەلی ئێمە بەربڵاوتر بێت ڕستەی بەربڵاوتر بەرهەم دێ و هەرچەند ڕستەی بەربڵاوتر بەکار بەرین، قووڵتر بیردەکەینەوە و هەرچەند بیرکردنەوەمان قووڵتر بێت، پێشبینی و مودیرییەتی ڕەفتار دژوارتر دەبێت.

«نیهادەکانی دەسەڵات»، بۆ پێشبینی و مودیرییەتی ڕەفتاری مرۆڤەکانی‌تر، هەوڵ دەدەن زمانیان مودیرییەت بکەن.

لەڕاستیدا کۆیلەداریی نوێ ئاراستەیەکە لەجێگەی کۆت و زنجیرکردنی دەست و پێی کۆیلەکان، شێوەبیرکردنەوە و تێفکرینی مرۆڤەکان دەخاتە نێو کۆت و زنجیرەوە.

«ئانتۆنی گرامشی»، بیرمەند و سیاسەتڤانی ئیتالیایی ( ١٩٣٧ - ١٨٩١ ) بۆ ئەم مەبەستە و بۆ نیشاندانی چۆنییەتی کۆت و زنجیرکردنی مرۆڤەکان، کەڵک لە «هێژموونی کلتووری» وەردەگرێ، هێژموونی ڕیشەی یوونانی هەیە و بەمانای حکومەتکردن و ڕێبەری کردنە. بەم شێوەیە هێژموونی یانی نیزامێکی کلتووری کە چینی دەسەڵاتدار بۆ بەکۆیلەکردنی کۆمەڵانی خەڵک کەڵکی لێوەردەگرێ و لەڕاستیدا لە ڕێگەی ڕاگەیەنەرەکان و تەواوی ئامرازەکانی پێوەندیدار دەیهەوێ گوتارێک بێنێتە ئاراوە کە ئیمکانی جیابیریی، یان بە تەواوی بشکێنێ یان دایبکێشێتە ئاستێکی زۆر نزمەوە.

دوکتور قاسملوو، وەک بیرمەند و شۆڕشگێڕێکی بەتوانا، کە لە نێو دوو سیستمی داپڵۆسێنەری پاشایەتی و ئاخوندیدا خەباتی بەکردەوەیی کردبوو، باش هەستی بەم ڕاستییە کردبوو کە سیستمە پاوانخوازەکان، چۆن بیر و مێشکی کۆمەڵانی خەڵک بۆ تەسلیم و بەچۆکداهێنان دەخەنە نێو کۆت و زنجیری کلتوورێکی کۆنەپەرستانە و تاکڕەهەندەوە، هەر بۆیە وێڕای بەگژداچوونەوەی هەر جۆرە سیستمێکی فکری کە چەقبەستوویی بەرهەم دەهێنا، لێبڕاوانە بۆ هەراوکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی کۆمەڵانی خەڵک، کە بەرهەمەکەی ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕەهابوون لە نیری زۆرداریی بوو تێدەکۆشا و لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە بەربڵاوەشدا بیرمەند و ئازادیخوازێکی ناسیبا، هەوڵی دەدا لەگەڵی دیالۆگ بکات و بە گوتاری ڕووناکبیرانەی، چییەتی ئەم دوو نیزامە دیکتاتۆرە بەرێتە ژێر پرسیار و بێگومان بە ڕادەیەک کاریگەریی هەبوو کە دەیکردنە دۆستی هەرەنیزیکی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد. ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە بەزمانێکی دەوڵەمەندی زانستیی، پرسی کوردی کردە پرسێکی جیهانی و بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالیست سوسیالیستدا ئەو باسوخواستانەی وروژاند.

لە ڕووی کارو چالاکییەکانی شەهیدی سەرکردە وەدەستهێنانی متمانەی بەڕێوەبەرانی کۆنگرە لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بۆ یەکەمجار نەتەوەی کورد و نوێنەرایەتییەکەی توانییان بەشداری کۆنگرە بن و لە تریبوونێکی جیهانیدا باس لە بەرحەقبوونی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بهێننە ئاراوە. بێشک ئەم کارە گرینگە تەنیا لەسەر دەستی دوکتور قاسملوو شکڵی دەگرت. ئێستا حیزبەکەی دوکتور قاسملوو ئەندامی فەرمیی کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالیست سوسیالیستە.

لەملاشەوە بە زمانێکی پاراو و بەدوور لە پۆزی ئاکادمیک کە خۆی یەکێک لە مامۆستا هەرە بەتواناکانی بواری زانستەکانیی سیاسی ئابووری، کۆمەڵناسی، مێژوویی و ... هتد بوو، لەگەڵ توێژی هەرە خوارەوەی کۆمەڵانی خەڵک پێوەندی دەگرت و تەنانەت بۆ تێگەیشتنی بەردەنگ بە زمانێکی نەخوێندەوارانە پێناسەی ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافی بەرحەقی نەتەوایەتی، هەڵاواردنی ڕەگەزیی و تەواوی ئەو بابەتانەی دەکرد کە لە چوارچێوەی شێوەبیرکردنەوەیەکی ئازادیخوازانە و شۆڕشگێڕانەدا باسوخواس هەڵدەگرن.

زمانی پەیڤین و نووسینی دوکتور قاسملوو، زمانی بەگژداچوونەوەی هەرجۆرە هێژموونییەک بوو کە دەیهەویست کۆمەڵانی خەڵک بەرەو سەردانەواندن و خۆبەدەستەوەدان هەتڵە بکات، بەبێ دەمارگرژی دەتوانین بڵێین ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە خوێنی تازەی بە شادەمارەکانی شۆڕشدا کردەوە و بە خولقاندنی کلتوورێکی نوێ لە سیاسەتدا، یانی تێکەڵاوکردنی ڕەوشت و سیاسەت، بە ئاشکرا دژایەتی خۆی لەگەڵ عەقڵانییەتی ئامرازیکی هەلپەرستانە ڕاگەیاند و بەکردەوەش تاک بە تاکی خەباتگێڕانی نەتەوەیی هێنا سەر ئەم باوەڕە کە «ماف نادرێ، بەڵکوو دەستێندرێ»، ئێستاش کە بیری نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاوا بەهێزە و گشت هێز و دەسەڵاتەکان لە بەرامبەریدا هەست بە لاوازیی دەکەن، بەرهەمی گوتاری ئازادیخوازانەی شەهیدی سەرکردەمانە و تا ئێستا هیچ گوتارێکی بەهێزتر لە گوتاری دوکتور قاسملوو نەیتوانیوە سەرهەڵبدات.

ئەو ڕاستییانە ئاماژەمان پێکردن، نیشانەی دەوڵەمەندبوونی زمانی دوکتور قاسملوویە، زمانێک کە لە هەر زەمەن و کات و ساتێکدا، بەگژ هێژموونی و ڕیشەکانی هێژموونیدا دەچێتەوە.

**ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە خوێنی تازەی بە شادەمارەکانی شۆڕشدا کردەوە و بە خولقاندنی کلتوورێکی نوێ لە سیاسەتدا، یانی تێکەڵاوکردنی ڕەوشت و سیاسەت، بە ئاشکرا دژایەتی خۆی لەگەڵ عەقڵانییەتی ئامرازیکی هەلپەرستانە ڕاگەیاند و بەکردەوەش تاک بە تاکی خەباتگێڕانی نەتەوەیی هێنا سەر ئەم باوەڕە کە «ماف نادرێ، بەڵکوو دەستێندرێ»**

**تێبینی:**

بەپێی هێندێک بۆچوون، لە نێوان "هێژموونی" و "گوتار"دا پێوەندیی هەیە، فۆکۆ باسی ئەمە دەکات کە گوتار سازێنەری سووژەیە، بەڵام نابێ ئەمەمان لەبیر بچێ کە فۆکۆ ڕەخنەی لە سیستمی دەسەڵاتی ڕۆژاوایی دەگرێت کە لە ڕێگەی گوتارەوە "سووژە"، درووست دەکەن، سووژەش، تووشی بێ‌ئیرادەیی لە بەرامبەر گوتاردا دەبێت.

بەڵام مەبەستی ئێمە لەم وتارەدا باس لە گوتارێکە کە لە دوای شۆڕشە زمانییەکەی "نەڤام چامسکی" هاتەئاراوە و وەک شۆڕشی سێهەم لە بواری زمانییەوە سەیری دەکرێ. مەکتەب پڕاگییەکان کە وەک داهێنەری گوتار یان بافت چاویان لێدەکرێ بەتەواوی جیاوازن لەگەڵ گوتار بە مانا فۆکۆییەکەی بەڵام بەلای مەکتەب پڕاگییەکانەوە یەکەی ڕستە، گوتار یان بافتە. بەم پێیە گوتارەکان جیاوازییان هەیە، گوتاری فەلسەفی، سیاسی، ئابووری، بیرکاریی، فیزیک، شیمی و ... هتد. بەکورتی زمان لە کامە بەشی زانستیدا کارا بێ، دەبێ هەوێنی هەڵسووڕانی هەر ئەم زمانە زانستییە بێ، ئەوکات وەکوو گوتار چاوی لێ‌دەکرێ.

# پاکانە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی

## (مۆرە سووتاوەکان)



ئاکۆ عەلیزادە

**پێشەکی:**

ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و باندە مافیاییەکانیان لە کاتێکدا کە بوونی تەواویەتی ئەو ڕێکخراو یان حکوومەتە لە مەترسیدا بێ و بەرەوڕووی هەندێک هەڕەشەی نێوخۆیی یان دەرەکی ببنەوە کە نەتوانن لەلایەن کەسانی خاوەن بەرپرسیاریەتی جێبەجێی بکەن دەس دەکەن بە حەزفی فیزیکی یان حەزفی سیاسی و لە بازنەی کار و کایەکانی خۆیان دووریان دەخەنەوە و چیتر گرینگیان لای کەسانی باڵادەستی خۆیان نامێنێ و بەهایان پێ نادرێت؛ لە ماوەکانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی دۆخێکی لەو چەشنە بۆتەوە و لە چوارچێوەی پەلەقاژەکردنی بۆ خۆرزگارکردن لە هەلومەرجی دژواری ژیانی سیاسیی، هەندێک ئاڵوگۆڕی لە نێو مۆرەکانی ئەنجام داوە و هەنووکە سەرقاڵی وەلانانی کەسانێکە کە لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمەوە وەک کەسانێکی شوێندانەر لە کاروباری ڕێژیمدا بە ئەژمار دەهاتن کە زۆربەیان لە ڕواڵەت و کەسایەتییە ئەمنییەکانی ڕێژیمن.

**تەوەر:**

پرسی نوێی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە چیتر ناتوانێ پشت بە دووجەمسەری کردن ببەستێت بەڵام بەهۆی نەبوونی مۆرەی جێگای متمانە، وا دیارە دەیهەوێ قومار لەسەر ڕیفۆرمیستەکان بکات.

کۆماری ئیسلامی تا ئەمڕۆکە لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی خۆی بە دووجەمسەریکردنی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران توانیویەتی بە شێوەیەکی زیرەکانە کۆمەڵگا بخاتە نێو گێژاوێکەوە کە ئاکامەکەی هەرچی بوایە بە قازانج و بەرژەوەندی ڕێژیم و تەواویەتی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبوو .

لە دوابەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا بە هێنانە نێو کایەی ئیبراهیم ڕەییسی جارێکی تر ئەو دووجەمسەرییەی ساز کردەوە کە خەڵک لە نێوان خراپ و خراپتر بژاردەیەک هەڵبژێرن؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ کام لە بەربژێرەکان لەگەڵ ئەویتر جیاوازی نەبوو و هەموویان مۆرەی پەسەندکراوی ڕێبەری ڕێژیم بوون.

بەڵام ئێستا پاش دەرکەوتنی ئەوەیکە کەسانی جێگای باوەڕی خۆیان کە بە سەر تەواوی دامودەزگا حکوومییەکاندا بڵاویان کردبوونەوە تا ئەوەیکە ببنە سیخوڕ لەسەر یەک بە ناکارامە دەرکەوتن.

ئەو کاربەدەستانەی ڕێژیم کە لەو ماوەیەدا نەیانتوانی چاوەڕوانییەکان بەدی بێنن ڕێ ژیم وەک مۆرەی سووتاو خەریکی لابردن و سڕینەوەیانە لە هێرەمی دەسەڵاتی خۆیدا.

دوایین پاکانەحیساب و لابردن کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕووی دا وەلانانی حسەین تائێب بوو کە وەک کەسی یەکەمی ئیتلاعاتی سپای تیرۆریستی پاسداران دەناسرا.

تائێب بەهۆی ئەوەیکە لەگەڵ زۆرێک لە ڕواڵەتە ئەمنییەکانی ڕێژیمی ئێران و دامودەزگا ئیتلاعاتییەکان پەیوەندییەکی چڕ و ئاڵۆزی هەبوو کەوتە نێو ئەو لیستە ڕەشەی ڕێژیم کە ئێتر هیچ بەها و گرنگییەکی بۆ ڕێژیم نەماوە و بەو هۆیەوە هێندێک لایەن گوومان لەوە دەکەن کە تائێب خۆی پلانێکی بۆ تێرۆری دەستکردی خۆی داناوە تا بەشکەم بەم شێوەیە بتوانێ ئابڕوی لە نێو سیستمدا بپارێزێ و نەیارانی خۆشی بێنێتە ژێر گوشار بەڵام لە وەها هەلومەرجێکدا نە پلانەکانی تائیب و نە پاڵپشتییەکانی موجتەبا خامنەیی نەیتوانی حسەینی تائێب لەو گێژاوە ڕزگار بکات.

ئێستا کە دەزگای ئیتلاعات دەیهەوێ پاکسازییەکی بەرفراوان بکات و مۆرە نوێیەکانی خۆی لەو پازێلە بچنێ، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی نەیارانی تائیب وەک ئیسماعیل قائانی فەرماندەری سپای قودس و هەروەها ئیسماعیلی خەتیب وەزیری ئیتلاعات هەوڵێکی زۆریان بۆ لابردنی ئەو کەسەی کە تا ماوەیەک پێش جێگای متمانەی خۆیان بوو و دەسەڵاتێکی زۆریان پێدابوو لابەرن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن.

دژبەرانی تائیب ئەوەیان بە لاوازیی ئیتلاعاتی سپا و ناکارامەیی تائێب دانا کە نەیتوانیوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتداری خۆیدا کار بکا و لە ماوەکانی ڕابردوودا چەندین هێرشی دەرەکی وەک هێرشەکانی موساد و ئیسراییل لە نێوخۆ و بۆ سەر هێزەکانی سپای قودس و هەروەها ئاشکرا بوون و پوچەڵبوونی پیلانەکانی تیرۆر کە لەژێر چاوەدێری حوسەین تائێبدا بوونە کردۆتە فاکتەرە سەرەکییەکانی لابردنی.

وا دیارە کە دەستگیرکرانی سێ مۆرەی ئیتلاعات کە ماوەیەک پێش موساد یەک لەوانەی ناچار بە دانپێدانان و ئاشکراکردنی پیلانەکانیان کرد یەک لەو فاکتەرە لاوەکییانەیە کە بۆ سەرپۆشدانان لەسەر ئەو بابەتە لەلایەن ڕیفۆرمیستەکان هاتۆتە بەر باس و ناکارامەبوونی ئیتلاعاتی سپا و هەوڵەکانی بۆ تیرۆر و ئاشکرابوونی پیلانی تیرۆر لە تورکیا و قیبریس و کێشەکەی سەیاد خودایی و هتد ... بڕوبیانووەکانی سپا و بەیتی ڕەهبەرین بۆ لادانی گەورەترین و بەهێزترین مۆرەی ئیتلاعاتی ئێران. هەروەها دانانی محەممەد کازمی لە شوێنی تائێب کە لە سەرۆکایەتی حیفازەتی ئیتلاعاتدا کاری کردووە ئەوە دەگەیەنێت کە لە نێو دامودەزگای کۆماری ئیسلامیدا سیخوڕەکان بە ڕێژەیەکی بەرفراوان دزەیان کردۆتە نێو تەواوی ئۆرگانەکان و محەممەد کازمی ڕاسپێردراوە ئەو کەسانە پەیدا بکات و لەنێویان بەرێ یا دەسەڵاتیان لێ بستێنێتەوە.

عەزیز جەعفەری فەرماندەی پێشووی سپای قودس کە گرتەیەکی لێ بڵاو بۆتەوە بە ڕوونی و ئاشکرا دەڵێ کە تائێب پاڵپشتی سەرەکی قالیبافە و گەندەڵییەکانی بۆ سەرپۆش دەکا و لەوێشدا باس دەکا کە ئیسماعیل قائانی و قاسمی سولەیمانیش پاڵپشتی لێ دەکەن.

وادیارە کە مۆرەکانی ڕێژیم گەڕاونەتەوە بۆ کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و هەرکەس لە دەستی بێت لە هەر شوێنێک پلانێک بۆ کردەوەی تێرۆریستی دادەڕێژێ و ئەو کارە لە سپای قودس پەرەی ئەستاندووە بۆ ئیتلاعاتی سپا.

محەممەدی کازمی هەر زوو دەست بەکار بوو و گەڵاڵەی لابردن و پاکانە حیسابی ئەفسەرانی ڕەدە باڵای ئیتلاعاتی سپای دەست پێکرد بەڵام وێناچێت کە خامنەیی بیهەوێ ئەو شتە ڕوو بدات، ئەوە لە کاتێکدایە کە وەک هەمیشە مانەوەی خامنەیی و نزیکەکانی بە سەرکوت و تەسویەی بەربڵاو گرێ دراوە .

ئەو هەموو زانیارییە نهێنییانە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هاتە دەر هیچی بەدەست ڕۆژنامەوانان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی کە ڕێژیم تۆمەتەکەی هاویشتە سەر شانی ئەوان نەبووە و هەر ئەو کەسە موخلیسانەی نێو نیزام و بە سەربەندی یا زەهرا و نەتەوە پەرەستەکانیان بوون کە بە درووست کردنی باند و دەستەی مافیایی هەریەکەی بۆ مانەوەی خۆی ژێر پێی هاوکارە گەندەڵەکەی خۆی لێدەدا و ئەو کەسانەش کە ساویلکانە بجوڵێنەوە دەبنە مۆرەیەکی بەکارنەهاتوو و چارەنوسیان لە تائێب و کەسانی وەک ئەو جوانتر نابێت.

لە بەرەبەری هەڵوەشان و سستبوونی بناغەکانی ڕێژیم کە تا ئێستا هەزاران کاری قێزەونیان بۆ لەسەرپێمانەوەی کردووە، دەستیان کردووە بە خۆخۆری و لادانی یەکتر.

دوای تائێب، یەکێکی تر لە دەسەڵاتدارانی گرینگی تیمی فەرماندەری حیفازەتی خامنەیی لابردرا یانی ئەوەیکە ئەو کایە سیاسییە و خەیانەتە نێوخۆییانەی ڕێژیم تا بناگوێی ڕێبەرەکەیان هاتووە.

بە وتەی، وتەبێژی سپای تیرۆریستی پاسداران حەسەن مەشرووعی فەر جێگرەوەی ئیبراهیم جەباری فەرماندەری حیفازەتی وەلی ئەمری پێ دراوە .

ئەوە دووهەمین تەسویە و لابردنی ئەمنیەتی لە دوای لادانی حوسەینی تائێبە لە نێو مۆرە ئەمنییەکانی ڕێژیمدا.

**دەرەنجام:**

ئەوجۆرەی کە دیارە کۆماری ئیسلامی پێی وایە بۆ مانەوەی خۆی یا دەبێ ئیتلاعاتی سپا بەگشتی هەڵوەشێنێ یا بە بەرفراوانی دەست بداتە لابردنی مۆرەکانی کە تا دوێنێ جێگای باوەڕی خۆیان بوون و ئێستا کەڵکیان نەماوە و تەواوی ئاڵترناتیڤەکانی سپا و خامنەیی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە گەیشتووە بە بۆنبەست و چارەیەک جگە لە هەڵوەشانی ئەو ساختارەی ئێستای بۆ ڕکەبەرەکانی نەهێشتۆتەوە.

گەندەڵییەکانی دەسەڵاتداران و فەرماندەرانی سپا گەیشتووەتە ماکزیمۆمی خۆی و هەر لە گەندەڵییەکانی قالیبافەوە بگرە تا قاسم سولەیمانی و تائێب و لەو دواییەشدا ئیبراهیمی جەباری، هەر بۆیە دەبێ چاوەڕوانی لابردن و تەسویەحیسابێکی زیاتر بین لەو گەمە ئەمنیەتی و سیاسییە لە نێو ڕێژیمدا.

ئێستا خامنەیی لە گێژاوی گەندەڵکاران و خیانەتکارانی دەوروبەری خۆی کەوتووە و ڕزگاربوونی زۆر ئەستەمە و ڕێژیمیش لە پەلەقاژەی مان و نەمان کەوتووە و جاری وایە لە بەر ئازاری سەرەمەرگی خۆی بە هەڵە سەری دڵسۆزانی جینایەتکاری خۆشی دەخوا؛ ئەوە ڕۆژە ڕەشەکانی ئەو ڕێژیمە نگریسەن کە نە کەس دەتوانێ نەیانبینێ و نە خۆی دەتوانێ حاشای لێ بکات.

## ویـــــستگە

# ژنانی نیشتمانەکەت!



نووسین: هێمۆ

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، فەرەح پاڵەوی، هاوسەری حەمەڕەزاشای پاڵەوی، کە هەر پێش لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەگەڵ هاوسەرەکەی و بە میلیۆنان سەروەت و سامانی خەڵکانی ئێرانەوە، ئێرانی بە جێهشت و ٤٣ ساڵە لە خۆشترین دۆخی ژیانیدا بەسەر دەبات، بە نووسینی نامەیەک بۆ بەرپرسی فیفا، بەم ناوەرۆکەوە کە ئەمە بکەنە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە ژنانی ئێرانی بتوانن لە یارییەکانی جامی جیهانیدا بەشدار بن و لە نزیکەوە یارییەکان ببینن، ویستی خۆی بخاتە چوارچێوەی تویت و پۆستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و هەروەها ببێتە خۆراکێکی میدیایی بۆ ئەو بەناو میدیایانە کە بەردەوام بانگەشە بۆ ڕەزا پاڵەویی کوڕ و سیستمی پاشایەتی بۆ داهاتووی ئێران دەکەنەوە.

فەرەح پاڵەوی لەم نامەیەدا دەنووسێ: «جێگای خۆیەتی کە لەم دەرفەتە کەڵک بۆ بەدواداچوون بۆ هەبوونی ژنانی نیشتمانەکەم لە یاریگەکان و بەتایبەت ئەو یارییانە کە لە ژێر چاوەدێریی فیفادا بەڕێوەدەچن وەربگرن.»

تێڕامانێکی نە زۆر قووڵ لە قسەکانی فەرەح پاڵەوی زۆر ڕاستیمان بۆ دەردەخەن، ڕاستیگەلێکی تاڵ کە بێگومان بەداخبوونیش بەدوای خۆیاندا دێنن.

٤٣ ساڵە ڕێژیمی ئیسلامی لە سەر کارە و حکوومەت بە سەر خەڵکدا دەکات، سامانی وڵات و خەڵکانی ئەو وڵاتە داگیر دەکا، دەستێوەردان لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا دەکات، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش ژنانی تووشی هەزاران چەرمەسەری و کێشە کردوون، لە هەموو ئیمکاناتێکی خۆشبژێوی بێبەریی کردوون و نەیهێشتووە هەر بە گشتی تامی ژیان بکەن، کەچی پاش ٤٣ ساڵ، فەرەح پاڵەوی، هاوسەری ئەو پاشایەی ئێران کە لەتاو دەسەڵاتی ئاخوندەکان و هەر لە ژێر گوشار و خواستی خەڵکانی وەزاڵەهاتووی ئەوکاتی ئێراندا، ناچار بە بەجێهێشتنی ئێران بوو، بووەتە دڵسۆزی ژنانی ئەو وڵاتە و پاش زیاتر لە ٤ دەیە تازە لە خەوی بێئاگایی هەستاوە و دەزانێ کە ژنان ناتوانن یارییەکانی فووتباڵ لە نزیکەوە ببینن! وەک بڵێی ئەم خاتوونە نە نارەزایەتییەکان بە حیجابیی ئێجباریی سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بینیبێت و نە زانیبێتی کە «کچی شین» تەنیا بەهۆی ئەوەی کە ئیزنی پێ نەدرا بچێتە ستادیۆمی فووتباڵ و یاریی یانە دڵخوازەکەی خۆی لە نزیکەوە ببینێ ئاگری لە جەستەی خۆی بەر دا و وەکوو هەزاران ژنی دیکە بووە قوربانیی ئایدیۆلۆژیی چەقبەستووی دەسەڵاتی ئاخوندی! هەڵبەت زۆریش سەیر نییە، کە ئەم خاتوونە ئێستا بیری لەم بابەتە کردووەتەوە، هەمووان باش دەزانن کە دۆخی ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبێت، نارەزایەتییەکان بەردەوامن و هەر ڕۆژ چین و توێژێکی تایبەت دەڕژێنە سەر شەقامەکان و داوای مافی زەوتکراوی خۆیان لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکەن، بێگومان ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ فەرەح پاڵەوی و کوڕەکەی تاکوو پاش ساڵانێکی زۆر بۆ جارێکی دیکە بیانهەوێ بە وتنی چەند قسەی لەم چەشنە و شانتاژی خەبەری بۆ قسە بێناوەڕۆکەکانیان خەڵکانی ئێران بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە و بیانەوێ لە داهاتووی ئێراندا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن.

هەر لە ماوەی ڕابردوودا بوو کە بینیمان چۆن هەندێک بەناو میدیای پرۆفێشناڵ قسەیەکی ڕەزا پاڵەوییان کرد بە مانشێتی سەرەکیی هەواڵەکانیان و چۆن بە گژ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا چوونەوە و تۆمەتی جیاییخوازییان لێ دان. بێگومان هەر ئەو میدیایانە قسەکانی فەرەح پاڵەویش دەکەنە ئایەتی قورئان و وای نیشان دەدەن کە ئەم ژنە بیر لە ئازادیی ژنانی ئێران دەکاتەوە!

لەو بەشە لە قسەکانیدا کە دەڵێ «ژنانی نیشتمانەکەم»!، دەبێ لێی بپرسین کە ئایا ساڵی ٥٧ و پێش لەوە، لەو هەموو ساڵانەدا کە خۆت و بنەماڵەکەت ژیان و سامانی ئەو ژنانەتان بە تاڵان برد بۆ خۆشبژێوی خۆتان، ئەو ژنانە، ژنی نیشتمانەکەی تۆ نەبوون؟ یان ئەگەر بوون و دەتزانی کە هەن چۆن بوو کە لە ترسی گیانی خۆت هەمووت بەجێهێشتن و لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هیچ ئاوڕێکت لە دۆخی نالەباریان نەداوەتەوە. یان نا هیچکات ئامارێک لە خۆکوژی و دەستدرێژی و تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و قەتڵە نامووسییەکانی پێ نەگەیشتووە؟

ئێران لە خەمۆکترین وڵاتانی جیهان بەئەژمار دێت، هیوا بە ژیان تێیدا خەریکە دەگاتە سفر، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕوویان لە زیادبوونە و بوونەتە قەیرانگەلێکی قووڵ، دۆخی ژنان و بەتایبەتیش ژنانی سەر بە نەتەوە بندەستەکانیش زۆر زۆر نالەبارترە. ڕوونیش نییە کە وتەکانی فەرەح پاڵەوی ئایا تەنیا بۆ ژنانی فارسە کە ئێستاش چوارچێوەی خواستەکانیان هەر لە حیجابدا قەتیس ماوەتەوە یان نا بۆ ژنانی سەر بە نەتەوە بندەستەکانیشە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پاشایەتیشدا کەوتبوونە بەر پەلامارەوە؟!

پرسی ژنان لە ئێران پرسێکی ئاڵۆزە، هەندێک کەسیش بە باسکردن لە سەر هاتنەسەرشەقامی ژنان باس لەوە دەکەن کە شۆڕشی داهاتووی ئێران، شۆڕشی ژنان دەبێ، ڕەنگە لە بەر ئەم قسانەش بێ کە فەرەح پاڵەوی وەخۆ کەوتووە و پشتیوانی لە چوونە ستادیۆم بۆ ژنان دەکات تا بەڵکوو وەک چۆن کوڕەکەی چاوەڕوانی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە، ئەویش دیسان ببێتە مەلەکەی ئێران و ژنان بە پێشەنگی ببینن!

بێگومان ژنانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان باش لە ئازار و ستەمەکانی هەر دوو ڕێژیمەکە تێگەیشتوون و بێگومانیش قەت ئیزنی ئەوە نادەن کە مێژوو جارێکی دیکە بە هەندێ دروشمی بریقەدارەوە دووپات ببێتەوە و بە سەریاندا بسەپێت.

# سەرەڕۆیی بێسنوور و وێرانکردنی بایەخەکان

سندووس

لە فەلسەفەی سیاسیدا و لە بواری دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی مۆدێرن بۆ هەر وڵاتێک، بیرمەندان لەنگەریان لەسەر هێندێک خاڵی گرینگ گرتووە کە ئەگەر جێبەجێ نەکرێن و وەکوو بەشێک لە ستراتێژی و دوورەدیمەنی وڵات، بۆ بەڕێوەبردن نەیەنە هەژمار، دەسەڵات، ڕێگەی سیستمێکی «ئاوارتە» دەگرێتە پێش و دەسەڵاتی ئاوارتەش بە واتا «ئاگامبێن»یەکەی یانی کۆمەڵگا لە لێواری یاسا و بێ‌یاساییدا هەڵدەکەوێ و تەنیا بە بڕیاری چرکەیی کە سەرچاوەکەی بۆ دیکتاتۆری پاوانخواز دەگەڕێتەوە، نەخۆشانە هەڵدەسووڕێ و گشت جموجۆڵە ئەرێنییەکانی کۆمەڵگا و دەرفەتە ڕەخساوەکان، لە لایەن دیکتاتۆر و باندەکەیەوە بەرەو مەیین و چەقبەستوویی پەلکێش دەکرێن. لە وەها بارودۆخێکدا هێدی هێدی ژیان بەرەو ئاقارێک دڕوات کە ئابوورییەکی داڕماو دەرهاویشتەکەی دەبێت و هاوسۆزیی کۆمەڵایەتی و بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤتەوەریی یاسامەند دەبێ جێی خۆی بدات بە بەرەڵڵایی دەسەڵاتێکی وشک و تەڕەهەند و لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە پەیدابوونی تاکگەلی «هۆمۆساکێر» سفەتی خەسیوی بێ‌پشتیوانەی یاسایی لێ‌دەکەوێتەوە. بەم شێوەیە ڕێگە بۆ دەسەڵاتێکی هەوسارنەکراوی بێ‌پرەنسیپ خۆش دەکرێ تا بە مەیلی خۆی تەڕاتێن بکات و چ لە ئاستی نێوخۆ و چ ناوچەیی و چ دەرەوەدا بەها مرۆڤییەکان سووک و دەمەلاسکە بە کۆڕوکۆمەڵە باوەڕپێکراوەکانی نێودەوڵەتی بکاتە هەوێنمایەی ڕەفتارەکانی و لەسەر هیچ دیاردە و بابەتگەلێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی، کە جیهانی شارستانی وەکوو بەشێک لە دەسکەوتی هەرەگرینگی مرۆڤایەتی چاوی لێ‌دەکات، خۆی بە بەرپرسیار نەزانێ! دەسکەوتگەلی وەکوو بەربەرەکانی لەگەڵ «تێرۆر»، «بارمتەگیری»، «ئاژاوەنانەوە»، «دابەشینی جیهان بەسەر دوو بەرەی خێر و شەڕی موتڵەق»دا، «گەندەڵی»، «دزی»، «سپیکردنەوەی دراو»، «هاوکاری نەکردنی دەستە و تاقمی بێ‌پرەنسیپ» و دەیان بابەتی‌تر!

لەم نێوەدا دەسەڵاتی سەرەڕۆ تەنیا گرینگیی بە ئامانجە بێ‌بایەخەکانی دەدات و ئەوەی بەلایەوە بەرز دەنرخێندرێ، حەقیقەتێکی ئارمانییە، کە وەک تەنیا حەقیقەتی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبینێ.

مێژوو دەریخستووە، هەر سیستمێک باوەڕی بە یاسامەندی، فرەچەشنی، فرەدەنگی و فرەڕەهەندی نەبێت و دیاردە و بابەتە مەعریفییەکان بە فەرمی نەناسێ، جەهەننەمێکی سووتێنەر دەسازێنێ کە گشت چین و توێژەکان تێیدا دەبنە قوربانی. ئەم خاڵانەی بیرمەندانی سیاسی وەک بەردی بناغەی گەشەی هەمەلایەنە لێی‌دەڕوانن، دەتوانین ئاوا ڕاوەستەیان لەسەر بکەین و دواجار لەگەڵ ڕەفتارەکانی کۆماریی ئاخوندی بەراوردیان بکەین تا بزانین لە کامە خاڵدا توانیویەتی بچووکترین سەرکەوتن وەدەست بێنێ:

١- ڕەچاوکردنی تەکوزێکی کۆمەڵایەتی کە بەرابەری و یەکسانی لە گشت بوارەکاندا مسۆگەر بکات و دوورەدیمەنێک بڕەخسێنێ کە تاک بە تاکی شارۆمەندان هەست بە هێمنایەتی و بوونی کەرامەتی مروڤی بکەن.

٢- لە پێوەندی لەگەڵ دەرودراوسێ و گشت وڵاتانی جیهاندا، جۆرێک هەڵسوکەوت بکات کە ئاژاوەی تێدا بەدی نەکرێت و وێڕای پاراستنی سەروەری وڵاتەکەی، سەروەریی وڵاتانی‌تریش بەفەرمی بناسێ و لە درووستکردنی ئاژاوە، بەهەر بیانوویەک خۆ ببوێرێ.

٣- توانای لەچاپدانی دراوی بەپشتیوانەی هەبێ و بتوانێ بایی و نرخەکەی ڕابگرێت. چوونکە نەبوونی توانا بۆ ڕاگرتنی بایی دراو کێشەگەلێکی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و دەسەڵاتداران دەبێ دەرگای تووندوتیژی بەڕووی کۆمەڵگادا بکەنەوە، لەوەها بارودۆخێکدا خشت بە خشتی کۆمەڵگا لێکدەترازێ و کارتێکردنی نەرێنی لەسەر کرۆتەونی کۆمەڵگا جێ‌دەهێڵێت.

٤- مافی کوالێتی بەرهەمەکانی جیهانی چ پیشەسازی و چ خواردەمەنی بۆ وڵاتی خۆی بە هێند بگرێ و بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کەلوپەل و شتومەکانە، بکەوێتە کێبڕکێیەکی یاسایی و دونیاپەسندەوە. هەروەها پێناسەیەکی بەرهەستی لە «مافی» شارۆمەندان هەبێت و لە هەموو بوارەکاندا پشتگیری و پشتیوانی لەم «مافە»، بکات.

٥- دەزگایەکی دادی هاسان و بێ ڕایەڵوپۆ، کەمتێچوو، ڕوون و زوڵاڵی هەبێ و هەوڵ بدات، سەربەخۆیی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات، وەکوو دەزگای «بەڕێوەبردن»، «یاسادانان» و «قەزایی»، بە باشترین شێوە بپارێزێت.

ئەو کەسانەی شارەزای چییەتی کۆماری ئاخوندین، یان لە نیزیکەوە لە نێو جەهەننەمی دەسەڵاتەکەیاندا دەژین چاک دەزانن کە ئەم دەسەڵاتە سەرەڕۆیە هیچکام لە خاڵەکانی تێپەڕ لە دەسەڵاتێکی پاشڤەخوازانەی نەریتی نەبەزاندووە و بگرە وەکوو سیستمێکی کاڵفامی سەرەڕۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ تەواوی دیاردەکانی ئەم جیهانە و دەورووبەریدا دەکات. ئەمانە نەک هەر پێیان نەناوەتە نێو سەدەی بیستەمەوە، بەڵکوو لە سەدەکانی نێوەڕاستدا دەژین و گەورەترین کەڵکەڵەیان پەرەپێدان و هەناردەکردنی ئایدیۆلۆژییە وەهمییەکەیانە، دەنا چ خێرە بەشی سیاسی، ئابووری، پیشەسازیی، کلتووری، کۆمەڵایەتی، لەشساغی و ئاوەدانکردنەوە هێندە بەلایانەوە بێ‌بایەخ بێت؟

ئاخوندەکان، لە نەزمی دادپەروەرانە و دێموکڕاتیکی ناوخۆیی‌ڕا بگرە تا دەگاتە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گرژی لەگەڵ دەرودراوسێ و کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان، چاپ و ڕاگرتنی بایی دراو، بەفەرمیی ناسینی کوالێتی بەرهەمهێنانی بەربووە پیشەسازی و خواردەمەنییەکان و هەبوونی سیستمێکی دادی ئەمڕۆیی، شکستی تەواویان هێناوە و تەنانەت یەک خاڵی ئەرێنی لە تەواوی ڕەفتار و بەرنامەکانیاندا بەدی ناکرێت. سیستمێک کە بناغەکەی لەسەر ئاژاوە، تێرۆر، گەندڵی، دزی، لادان لە بەها نێونەتەوەییەکان، بارمتەگرتن و پاپۆڕڕفاندن دامەزراوە، جێی لە هەزارەی سێهەمی زایینیدا نابێتەوە و مەحکوم بە لەناوچوونە. لە تەواوی ئەم پێنج خاڵەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کۆماری ئاخوندی تەنیا لە یەک خاڵی بچووکدا نەیتوانیوە «نمرەی قەبووڵی» وەدەست بێنێ، کەچی بەپێی باوەڕە دۆڕاوەکانیان، گەرەکییانە ئەم شێوە بەڕێوەبردنە بکەنە جیهانی و دونیا، گەلاڵەی ڕەشی ئەوان لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیاندا بکەنە سەرچەشن و ئۆلگوی خۆیان! غافڵ لەوەیکە جیهانی ئەمڕۆ ناتوانێ ئەم سەرەڕۆییە بێ‌سنوورانە قبووڵ بکات و ڕۆژێک دادێ بە شێوەی جیددی بەگژیاندا دێنەوە. چوونکە مانەوەی ئاخوندەکان لەسەر کورسی دەسەڵات، یانی تێکچوونی کۆی دەسکەوتەکانی شارستانییەت.

**بەپێی باوەڕە دۆڕاوەکانیان، گەرەکییانە ئەم شێوە بەڕێوەبردنە بکەنە جیهانی و دونیا،**
**گەلاڵەی ڕەشی ئەوان لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیاندا بکەنە سەرچەشن و ئۆلگوی خۆیان!**
**غافڵ لەوەیکە جیهانی ئەمڕۆ ناتوانێ ئەم سەرەڕۆییە بێسنوورانە قبووڵ بکات و ڕۆژێک دادێ بە شێوەی جیددی بەگژیاندا دێنەوە. چوونکە مانەوەی ئاخوندەکان لەسەر کورسی دەسەڵات،**
**یانی تێکچوونی کۆی دەسکەوتەکانی شارستانییەت**

# منداڵانی ئێران و کوردستان قوربانی سیاسەتەکانی ڕێژیمن



نیشتمان ڕەسووڵ دنخە

سروودی «سلام فرماندە» بە دەنگی «ئەبوزەر ڕووحانی» و ئاوازدانەریی «مەهیار تالبی» و شێعری «مەهدی بەنی هاشمی» لەلایەن گرووپی «ماح» لە شاری لەنگرود هاوکات لەگەڵ ساڵڕۆژی کوژرانی تێرۆریست «قاسم سلێمانی» بە مەبەستی پەروەردەکردنی منداڵانی دەیەی «نەوەد»ی هەتاوی و چەند کاتژمێر پێش نوێبوونەوەی ساڵی ١٤٠١ لە دەنگوڕەنگی ڕێژیم بڵاو بوویەوە.

ئەو سروودە لە درێژەدا بۆ تەواوی قوتابخانەکانی ئێران و کوردستان نێردرا کە منداڵان دەبێ ئەو سروودە بڵێنەوە.

بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیم، ماوەی چەند ساڵە میدیا ڕۆژاواییەکان لە فکر و مێشکی منداڵانی ئێراندا دزەیان کردووە و بەردەوام منداڵانی ئێران گۆرانییە ڕۆژاواییەکان دەڵێنەوە؛ ئێمەش ئەو کلیپەمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاهەنگ و کلیپانە دروست کردووە و بە یارمەتیی «ئیمامی زەمان» سەرکەوتین و منداڵەکانمان لە ئێستادا تەنیا سروودی «سڵاو فەرماندە» لەژێر لێوانیاندا دووپات دەکەنەوە.

«یوسف نووری» وەزیری بەناو پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمیش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سروودی «سەلام فەرماندە» و سروودەکانی هاوشێوە دەتوانن جێگرەوەیەکی باش بن بۆ سرودی بەیانیانی قوتابییان لە قوتابخانەکان.

سروودی «سلام فەرماندە» جگە لە ئێران لە چەند وڵاتی ناوچەدا کە ڕێژیمی ئێران بە زەبری پارە سیاسەتەکانی خۆی لەو وڵاتانەدا پیادە دەکات وەک: عێراق، تورکیا، فەلەستین، سووریا، پاکستان، لوبنان و.... بڵاو کرایەوە.

ئەو سروودە کە لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیکی، سیاسی و مەزهەبی داڕێژراوە، چەند بابەت بە جوانی تێیدا ڕوون و ئاشکرایە و دەکرێ لە چەند گۆشەنیگاوە شەنوکەو بکرێت:

یەکەم: ترسی ڕێژیم لە نەوەی نوێ کە ئەو نەوەیە ئیتر ئەو شێوەژیان و دەسەڵاتدارییەتییەیان قەبووڵ نییە.

دووهەم: سەپاندنی ناوی کەسانێکی وەک تێرۆریست قاسم سلێمانی لەنێو دڵی منداڵان بۆ ئەو مەبەستە کە هەبوونی ڕێژیم بە خوێنی کەسانێکی وەک «سلێمانی»یەوە بوونی هەیە.

سێهەم: زیاترکردنی چاوەڕوانیی منداڵان و نەوەی نوێ بە شتێکی خەیاڵی و ئەوەیکە ئێمە هێشتا لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتیداین و دەبێ ئیمامی زەمان بێت و ڕزگارمان بکات و ژیانمان خۆش و باش بکات.

لەو نێوانەدا عەلی خامنەیی خۆی بە شێوەی خوازەکی وەک ئیمامی زەمان فەرز کردووە. ڕێژیم بەم شێوەیە تەنیا تەبلیغ بۆ خۆی دەکات و ئەو سروودە جگە لە پڕوپاگەندا بۆ ڕێژیمی ئێران هیچ ئەرزشێکی دیکەی نییە.

ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی تەبلیغ بۆ ئەو سروودە و بەزۆر سەپاندنی خۆی بەسەر منداڵاندا لە شێوازی جۆراجۆر کەڵک وەردەگرێت.

بۆنموونە بەناو ناوەندی فکری منداڵان و تازەلاوانی ئیلام کێبڕکێیەکی وێنەکێشانەوەی بۆ منداڵان داناوە کە بابەتەکەی سروودی «سلام فرماندە»یە و هەروەها لە پارێزگای لوڕستان ئەو سروودەیان بە زاراوەی لوڕی بە منداڵان خوێندووەتەوە.

سەرەڕای پێداهەڵکوتنی زۆری بەرپرسانی ڕێژیم بە سەرکەوتنییان لەو سروودەدا، بەڵام بە دوای بڵاوبوونەوەی، دەنگۆیەکی زۆر لەسەر ئەم سروودە هاتە ئارا. بۆ نموونە زۆربەی چالاکانی بواری منداڵان مەتنی ئەو سروودە و خوێندنەوەی لەلایەن منداڵانیان بە کەڵکاوەژووەرگرتن لە منداڵان زانیوە کە دەسەڵات دەیهەوێ بەم شێوەیە مێشکی منداڵان بشواتەوە کە خۆیان بە کەسێکی خزمەتگوزار و قەرزدار بەو ڕێژیمە بزانن و ببنە سەربازێک بۆ خزمەت بە ڕێژیم هەتا هاتنی ئیمامی زەمان.

لەلایەکی دیکەوە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕ و ڕەخنەگرانە ئەم سروودە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە شێوازی جۆراجۆر دووبارە کرایەوە و لە وشە و ڕستەی وەک «سڵاو دەرماندە، سڵاو پەسماندە و سڵاو واماندە»یان بەرانبەر بە بەردەنگی «سڵاو فەرماندە» کە ئامانج لە «عەلی خامنەیی» ڕێبەری ڕێژیمی ئێرانە بەکار هێناوە.

هەر لەو ڕاستایەدا کۆمەڵێک لە منداڵانی دەیەی «نەوەدی و هەشتایی» ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی پووشپەڕ بە مەبەستی خۆشی و کایەکردن لە پارکی بلواری «چەمران»ـی شیراز کۆبوونەتەوە کە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە بە بیانووی ئەوەیکە ئەو منداڵانە جلوبەرگی حیجابی و ئیسلامییان لەبەر نەبووە ،ئەوەش بە پێچەوانەی یاساکانی ڕێژیمە، چەند منداڵێک دەسبەسەر دەکەن و «حوسێن حەقانی» بەڕێوەبەری گشتیی بەشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی پارێزگای «فارس» و «لوتفوڵڵا شیبانی» فەرمانداری شیراز داوا دەکەن بەپێی یاسا لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکرێت.

کۆبوونەوەی منداڵان بەم شێوەیە بە جۆرێک وڵامدانەوە بە ڕێژیمە کە ئێمە ژیانێکی دیاریکراو و دەستکردمان ناوێت و ئەوە ئەو شتەیە کە ئێمە «نەوەی نوێ» دەمانهەوێت.

لەڕاستیدا ئەو سروودە موزیکێکی عێراقییە کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دزراوە؛ بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە بەشێوازی جۆراجۆرەوە بەهۆی کەڵکوەرگرتنی ڕێژیم لە منداڵان لەو سرووده گیرا، باشە بزانین پەیوەندیی ئەم سروودە بە ئێمەی کوردەوە چییە و ئەرکی ئێمە بەرانبەر بە پیلانی ڕێژیم بۆ پەرەپێدانی ئەو سرودە لەنێو منداڵانی کورددا دەبێ چۆن بێت؟

بەرپرسانی پەیوەندیدار بە کەڵکوەرگرتن لە دەستوپەیوەندییەکانی خۆی لە چەند قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانی کوردستان بە بەشداریی بنەماڵە و بە قەولی خۆیان منداڵانی دەیەی هەشتایی و نەوەدی ئەو سروودە خوێندرایەوە.

ئەوەش بیانوویەکی باش بوو کە ڕێژیم تەبلیغ بۆ خۆی بکات و بنووسێت: «از بوشهر و کوردستان تا ترکیە و پاکستان» یانی ئەوەیکە سروودی «سەلام فەرماندە» سنوور و نەتەوە ناناسێت و لە سەرتاسەری ئێراندا پێشوازییەکی باشی لێ کراوە و تەنانەت کورد و عەرەبەکانیش سیاسەتی ئێمەیان قەبووڵە و دژایەتیمان ناکەن و هەروەها وڵاتانی ناوچەش ئێمەیان قەبووڵە.

ئەو شتەی لێرەدا بۆ ئێمەی کورد گرینگە و پێویستە لەبەر چاوی بگرین ئەوەیە کە نەتەوەی کورد هیچ کات دەنگی بە سیاسەتەکانی ڕێژیم نەداوە و پیرۆزییەکانی ڕێژیم لای هیچ نرخێکیان نییە؛ بەڵام ڕێژیم بە بەردەوامی و بە پلان و پیلان لەسەر کورد کاری کردووە. کەوایە دەبێ بزانین کە ئەو سرووده لەلایەن منداڵانی ئێمە و لە قوتابخانەکانی کوردستان منداڵانێکی ئەوتۆ تێیدا بەشدار نەبوون.

بنەماڵەکان دەبێ بەرچاوڕوونییەکی باشیان هەبێت و گرینگی بەو خاڵانە بدەن. بۆ نموونە کاتێک کە هەندێک پۆلی ڕاهێنان بە تایبەت لە وەرزەکانی بێکاریی منداڵاندا بەڕێوە دەچێت باشە کە پرسیار بکەن ئەو پۆلانە لەلایەن کێ بەڕێوە دەچێت و بڕیارە چۆن بەڕێوە بچێت؟

ڕێگە نەدەن منداڵەکانیان لە هەر کار و چالاکییەکی کە لەلایەن بنکەکانی فێرکاری ڕێژیم و تەنانەت قوتابخانەکانیش بەڕێوە دەچێت بەشداری بکەن و وێنە و تێرۆریستانی ڕێژیمەوە بەدەست بگرن.

منداڵان دەبێ دوور بن لە سیاسەتەکانی ڕێژیم و نابێ ڕێگە بدەین منداڵەکانمان تێکەڵ بە سیاسەتەکانی ڕێژیم بن. هەروەها دەبێ گرینگیی بە داهاتووی منداڵەکانمان بدەین کە لە داهاتوودا ڕەخنە لە ئێمەی دایک و باب نەگرن کە بۆچی ڕێگەمان داوە یارمەتیدەری پەرەپێدانی سیاسەتەکانی ڕێژیم بن و ئەوە ببێتە لاپەڕەیەکی خراپ لە مێژووی ژیانی منداڵەکانماندا.

# زمانی داپڵۆسێنەر ژێرخانی دیکتاتۆرییە لە ئێراندا

زرێبار

پێوەندی نێوان هەستی دیکتاتۆرییەت و چەمکەکانی زمان، کلتوور، ڕەفتار و... پێوەندییەکی دوولایەنەیە و بەڕاستی هەردوولا لە بووژانەوەی یەکتر و وەردان بە یەکتر ڕۆڵی کارا و زیندوو دەگێڕن. دیکتاتۆرەکان سەرەڕای هەبوونی کەمینە و دەنگە جیاوازەکانی نێو جوغرافیا و کەوشەنی خۆیان، لە ئاست خۆیان و خەڵکی هاوخوێنیشیاندا توندوتیژ و پێمل بەو ڕەفتارەن. دیکتاتۆرەکان نە بۆ خۆیان تام و چێژی ئازادی دەکەن و نە دەهێڵن ژێردەستەکانیشیان بحەوێنەوە. لەو کورتەوتارەدا هەوڵ ئەدرێ بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە وشە و زاراوەیەکی زمانی فارسی کە چلۆن داپڵۆسێنەرانە و خۆسەپێنانە دەرحەق بە خۆیان و نەتەوە ژێردەستەکان دەوری نەرێنییان گێڕاوە، نیشان بدەین شناز و بنەمای دیکتاتۆرەکان زمانەکەیانە.

هەر وڵات و نەتەوەیەک لە بوارەکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤەوە بەرتەسک و داخراو بێ ئەگەر لە بواری فەرهەنگی و چاپەمەنیشەوە خاوەن پێشکەوتووترین دەزگای بڵاوکردنەوە و کتێبخانەش بن دیسان کاریگەری لە سەر ڕۆشنبیری نابێ و بگرە دەبنە دیکتاتۆرێکی مۆدێرن. لە ئێراندا زۆرترین چاپخانە و دامودەزگای ڕاهێنان و بەناو ڕۆشنبیری هەیە کە لە ژێر چەتری زمانی فارسیدا بەردەوام خەریکی بووژانەوە و بەڕۆژکردنەوەی زمانی فارسین. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو بەرهەمهێنانە فارسییە نە لە جمگەکانی کۆمەڵگادا و نە لە بەدەنەی دەوڵەتی ناوەندا ئاسۆیەکی کرانەوە ڕوونادات؟

زمانی فارسی بە درێژایی مێژوو زمانی شێعر و ئیحساس و خەیاڵات بووە و کەمترین دەق و نووسراوە و کتێب بە زمانی فارسی نووسراوە. نووسەرانی فارس زمان لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بەرهەمە شێعرییەکانیان بە دوو زمانی فارسی و عەرەبی هۆنیوەتەوە و هەروەها بەرهەمە فیکری، فەلسەفی، دینی، پزیشکی و هتدەکانیان بە زمانی عەرەبی ئافراندووە. لە ئاکامی ئەو ڕەوت و پرۆسە دوور و درێژەدا زمانی فارسی بووە بە زمانی شێعر و لە بواری نووسیارییدا (نثر) هیچ گەشە و نەشەیەکی نەکردووە (بێجگە لە کلیلە و دمنە و دەقە سەجعییەکانی گوڵستان و...) و ئەوانیش وەک کوردەکان زمانیان لە بواری زارەکییدا تاو داوە.

لە سەدوپەنجا ساڵی ڕابردوودا کە چەمکگەلی ڕۆشنبیری و دەق و تێکستە زانستی و فەلسەفییەکان لە جیهاندا گەشەیان کرد، ئیتر زمانی فارسی لە ئاست ئەو ڕووبەڕووبوونەوە و تێکەڵییە فەرهەنگییانەدا کەمایەسی هێنا و بە زمانی شێعر نەدەکرا دیپلۆماسی و سیاسەت و وەرگێڕانی چەمکە زانستییەکان بکەن هەر بۆیە لە ڕاچڵەکاندنێکدا زمانی فارسییان کردە زمانێکی نووسیاری و زمانی فەرمی دەسەڵات.

گۆڕینی ڕۆحی زمانی فارسی لە زمانێکی ناسک و نەرم و نیانی شێعرییەوە بۆ زمانی چەمکە سیاسی و ئابوورییەکان لەڕاستیدا بە شێوەی سروشتی زۆر ئەستەمە، بەڵام لە وەرچەرخانێکی خێرادا ڕۆشنبیرانی فارس زمان بە بێ ئەوەی پێشینە و گەنجینەیەکی ڕێزمانی و دەستوورییان هەبێ دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی دەق و نووسراوەی ناشێعری، هەڵبەت لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە ئەو بیرۆکەیەش بە سەر هەموو دانیشتووە نافارسەکانی ئێرانیشدا سەپێندرا.

گۆڕانکاری لە زماندا مافی هەموو لایەکە و لەڕاستیدا هەم زیرەکی دەوێ و هەم ئافەرین هەڵدەگرێ، بەڵام ئەو لەدایکبوونە بە بێ پێشەکی و بە بێ پرسوڕا بە کەمینەزمانییەکان و ناوەندە زانستی و ئەدەبییەکان، لەدایکبوونێکی سەقەت و ناسروشتی بوو. زمانی فارسی کە لە بوارەکانی وشە و داڕشتندا کەمایەسی هەبوو بە پەنابردنە بەر زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی و فەڕەنسی لە بواری وشە و ڕێزماندا هەموو بۆشاییەکانی پڕ کردەوە. لە سەردەمی پاڵەوی یەکەمدا کە هەستی نەتەوەخوازی و شۆوینیزمی فارسی گەیشتە لوتکە، فارسی نووسان و ناوەندە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان هەوڵی سڕینەوەی نامۆگەری و بەفارسیکردنی بیست و چوار عەیاری بەرهەم و نووسراوەکانیان دا. بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە ڕۆشنبیرانی فارس پەنایان بردە بەر زمانە نێوخۆییەکانی وەک تورکی، کوردی، لوڕی و ... ؛ بۆیە دەگوترێ ئەو پرۆژەیە لە بنەڕەتدا نەبەکام و سەقەت بوو چوونکە لە جیاتی ئەوەیکە ڕۆشنبیرانی ناوەند، کەمینەکان وەک زمان پێناسە بکەن، هاتن بە گوڵبژێری وشە و زاراوە بەڕۆژ و زیندووەکانی نەتەوە پەراوێزنشینەکانیان، زمانی خۆیان ساغ کردەوە و لەئاکامدا لە ڕێگای کاناڵەکانی دەزگای ڕاهێنان و بارهێنانەوە ئەو زمانە نامۆ و تێکەڵ و پێکەڵەیان دەرخواردی جەماوەر دایەوە.

لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لەو وشە و زاراوەگەلە دەکەین کە لە باری مانایەوە قەت مانای ئەو دیاردە و شتومەکانە نادات کە بۆی دیاری کراوە و لە ئاکامیشدا بەردەنگ و خوێنەوار و نەخوێندەوار دەبێ فێری بێ و وەک ڕاستییەک قەبووڵی بکا. کاتێک زمانێک لە بوارێکی زانستی یان پیشەییدا کەمایەسی وشەی هەیە ئیتر فەرز نییە کە حەتمەن فەرهەنگستان وشەی بۆ داتاشێ.

زۆربەی وڵاتان لە زانکۆکان و لە پلەبەرزەکانی خوێندندا پەنا دەبەنە بەر زمانێکی فەرمی و زانستی دیکەی جیهانی، بەڵام زمانی فارسی ئەو ڕاستی و حەقیقەتە قەبووڵ ناکات و بە زمانێکی داپڵۆسێنەر هەموو چەمکەکان بە سەر خوێندکاراندا دەسەپێنێ.

**ڕیزی هێندێک لەو وشە و زاراوانە کە زمانی فارسی سەپاندوویەتی و لە باری مانابییەوە دوورە لە ڕاستی:**

ــ **خودکار؛** هەر کەرەستەیەک کە بۆ خۆی کار بکات و پێویستی بە چاودێری نەبێ، لە زمانی فارسیدا وەک قەڵەمی جەوهەردار پێناسە کراوە و بێ هیچ پرسیارێک لە مێشکی هەمواندا تۆمار کراوە.

ــ **هواپیما؛** پێواندنی هەوا و... لە ڕاستییدا باڵندەیەک، هەلیکۆپتەرێک و ... دەتوانێ هەوا بپێوێ، ئیتر ئەوەیکە ئەو وشەیە چلۆن سەپێندراوە بە سەر «طیارە»ی عەرەبیدا، دەبێ قەبووڵی بکەین.




**لە ئێراندا زۆرترین چاپخانە و دامودەزگای ڕاهێنان و بەناو ڕۆشنبیری هەیە کە لە ژێر چەتری زمانی فارسیدا بەردەوام خەریکی بووژانەوە و بەڕۆژکردنەوەی زمانی فارسین. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو بەرهەمهێنانە فارسییە نە لە جمگەکانی کۆمەڵگادا و نە لە بەدەنەی دەوڵەتی ناوەندا ئاسۆیەکی کرانەوە ڕوونادات؟**

ـ **فرودگاه؛** جێگای نیشتنەوە و .... .لە فرودگادا هەڵفڕینیش ڕوو ئەدات بەڵام فەرهەنگستانی زمانی فارسی بێئەملاوئەولا تەنیا لەو بوارەدا سەپاندوویەتی.

ــ **جایگاه؛** ڕێوشوێن،مەکان و.... . لە ئێستەدا کاتێک دەگوترێ جایگاه دەبێ بیر لە بەنزیخانە یا پۆمپی بەنزین بکەیتەوە.

ـ **رایانە؛** ئەگەر پەروباڵکراوی ڕاهێنانی کوردی بێ، دیسان چ پێوەندییەکی بەو دەزگا جەنجاڵەوە هەیە. رایاندنی فارسیش کە مانای ڕێنموونیکەرە، یەک لە سەدیش بە نزیک ئەو مانایەدا ناچێ.

ـ **یاختە؛** لە ئێستەدا جێگرەوەی وشەی سلوولە و چەندین مانای دوور لە سلوولی هەیە.

ـ **کروموزوم؛** جێگرەوەی لە ئێستەدا بووە بە فام تن

ـ **تتراد؛** چهارتایە

ـ **میتوز؛** رشتمان

ـ **کوریون؛** برون شامەرویان

ـ **اووگونی؛** مامەزا

ـ **آمنیون؛** درون شامەرویان

ـ **اووسیت؛** مام یاختە

ـ **پاراسمپاتیک؛** پادهم حس

ـ **گلبول؛** گویچە

ـ **پروبیوتیک؛** زیست یار

ـ **سورفاکتانت؛** عامل سطح فعال

ـ **هومئوستازی؛** هم ایستایی

ـ **آمیلوپلاست؛** نشادیسە

ـ **لیزوزوم؛** کافندەتن

و بە سەدان وشەی داتاشراو هەیە کە فەرهەنگستانی زمانی فارسی بە زۆر بە سەر خوێندکاراندا سەپاندوویەتی و دەبێ وەک وانە لەبەری بکەن. ستەم و سەرکوت بەر لەوەیکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بێت لەلایەن فەرهەنگستانەوە دەرحەق بە نەتەوەکانی ئێران ئەنجام ئەدرێت. لێرەدا جێی خۆیەتی بە وردی و زانستی هۆکاری ستەم و دواکەوتووییەکان بزانین و بۆ خۆمان لێکی بدەینەوە. لەڕاستیدا ئەو کارەی فەرهەنگستان بۆ منداڵانی فارس زمانیش دژوار و ئەستەمە و نەوەی نوێ ئەو تەوەهوومات و خەیاڵاتەی ڕابردوو کە هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی نییە، پێی قەبووڵ ناکرێ و ئەو وشە داتاشراوانە بە سەریاندا ناسەپێ. فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە کردەوەدا بەرەو ئێکسپایەر و ئاشبەتاڵی دەڕوات، لە بەرامبەردا زمانی نەتەوەکانی ئێران وەک زمانی کوردی کە زمانێکی زیندووە بەرەو هەڵکشان دەچێ. خوێندکارانی زانکۆی کوردستان بێ پشتیوانی و بودجە فەرهەنگی گەورەی کوردستانیان خوڵقاندوە. کەسانێکی وەک سەلاح پایانیانی، ئاکۆ جەلیلیان و .... بە تەنیا و بە دەستی خاڵی بە ئەندازەی ئیدارەی فەرهەنگستان بەرهەمی بەنرخ و سەرچاوەیان خوڵقاندوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە درۆی قەبە قەت سەرناگرێ و ڕۆژێک ڕاستییەکان خۆی دەردەخات.

# خراپیی خووی خراپنووسین

سامال ئەحمەدی

زمانی کوردی سەرباری ئەو ڕاستییە تاڵەی کە هەتا ئێستا لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری خاکی کوردستانەوە ستەمی لێ دەکرێت، زمانێکی زیندووە و لە زۆربەی بوارەکانی زانست و ناسیندا بەرەو پێشەوە دەچێت، کەچی هێشتا کەم نین ئەو کەسانەی کە پێیان وایە چارەنووسی زمانی کوردی لە بەرەگەی مەترسیی خراپنووسیدایە و لە ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نیگەرانیی خۆیان لەم بابەتە دەردەبڕن. نیگەرانیی ئەو شارەزا و خەمخۆرانەی زمانی کوردی تەنیا لەوە نییە کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەر ڕێ لە پێشکەوتنی زمانەکە دەگرن، بگرە نیگەرانییەکەیان لەوەیە کە لە کوردینووسینی باودا کۆمەڵێک خووی خراپنووسین بوونەتە چاولێکەری و پەرەیان سەندووە کە هەرچەندە ئەو خووە خراپانە هەر تایبەتی زمانی کوردی نین، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە زمانی کوردی لەلایەن هۆکارەیلی سیاسی و ئابوورییشەوە کەوتووەتە بەر هەڕەشەی داگیرکەرانی کوردستان، زیاتر نیگەرانیی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە سەرباری ئەوەی کە خراپنووسین بەتەنیا ناتوانێت هۆکاری مەترسی لەسەر زمان بێت، بەڵام دەکرێت ببێتە یاریدەدەری هۆکار، یان هۆکارە سەرەکییەکان (هۆکارەیلی سیاسی و ئابووریی زاڵ بەسەر کوردستاندا). لەم بوارەدا گەورەترین نیگەرانییەکانی خەمخۆرانی زمانی کوردی لە خووی خراپنووسینی ئەو نووسەرانەیە کە لەژێر کارتێکەری، یان لاساییکردنەوەی زمانانی دیکەی وەکوو ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و... ڕوویان تێ کردووە. دیارە لەو زمانانەشدا ئەو خراپنووسین و شپرێونووسینە هەیە. جۆرج ئۆروێڵ، نووسەری ئینگلیزی (١٩٥٠ ــ ١٩٠٣) و محەمەدڕەزا باتنی، زمانناسی فارس لەبارەی ئەو کێشەیەوە لە زمانەکانی خۆیاندا وتاریان نووسیوە.١ هۆکاری خراپنووسینی باو بە زمانی کوردی، بە بۆچوونی نووسەری ئەم یادداشتە، بێجگە لە کارتێکەری و لاسایی زمانای بێگانە، ناشارەزاییی ئەو جۆرە نووسەرانەی کوردە لە بەکارهێنانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی، چونکە بۆ نموونە، بەکارهێنانی کاری سادە و لێکدراو لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا وەک یەک نییە. بۆ نموونە، کاری سادە لە شێوەزاری «کرمانجیی نێوەڕاست»دا بە بەراورد لەگەڵ شێوەزاری «کرمانجیی سەروو» زیاترە؛ کاری سادە دەتوانێت سەرچاوەی وشەسازی و ڕۆنانی وشەی لێکدراو بێت، بەڵام کاری لێکدراو بۆ ئەم مەبەستە ناشێت، هەربۆیە کاتێک نووسەری کورد بەهۆی ناشارەزایی لەم لایەنە گرنگ و ژیانبەخشەی کاری سادە زیاتر لە کاری لێکدراو کەڵک وەردەگرێت (بۆ نموونە «کرا» و «هاتە کرن»)، یان بەبێ ناسینی تواناییەکانی شێوەزارەکانی کوردی و هەر بە لاساییکردنەوەی زمانی زاڵی داگیرکەر کە بەهۆی دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکەیەوە پێی وایە زمانێکی پڕواتاترە، پەرە بە لەکارهێنانی کاری لێکدراو دەدات، هەربۆیە دەستەوشەی نالەباری وەکوو «هەستا بە کردنەوەی دەرگا»، «دەستیان کرد بە ئەنجامدانی ڕاپەڕین»، «بڕیاری دا بە سەردانیکردنی شوێنی ڕووداوەکە» و... لە زمانی کوردیدا پەیدا دەبن، کە ئەگەر بە هەڵەنووسینیش دانەنرێن، ئەوە بێگومان دەچنە بواری خراپنووسینەوە. جێی ئاماژەیە کە مەبەست لە پێکگرتنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی لەو دێڕانەی سەرەوەدا تەنیا بۆ ئەوەیە کە گرنگایەتیی کاری سادە لە زماندا نیشان بدرێت، دەنا باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە لەکارهێنانی ورد و شارەزایانەی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی هەم گەشە بە زمانەکە دەدات و هەم بازنەی وشەکانی زۆر بەرفرەوانتر دەکات، خۆیشم لەقەدەر توانای خۆم هەرچی لە هەر شێوەزارێکی کوردی فێر بوویێتم بۆ ڕەوانبێژی و جوانکاری لە نووسیندا خۆم لێ نەبواردووە؛ بەڵام تیۆریی بەکارهێنانی کاری سادە لەلایەن زمانناسانەوە پێداگریی لەسەر کراوە، بۆ نموونە، محەمەدڕەزا باتنی، زمانناسی فارس لە وتارێکدا دەنووسێت: «لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، زاوزێی وشە دەچێتەوە سەر باسی وشەسازی ... وشەسازی، واتە ئەوەی کە بتوانین لە ناو، یان ئاوەڵناو، کار دروست بکەین. هەروەها لە کار، ناو، یان ئاوەڵناو دروست بکەین. ... دەشکرێ بڵێین وشەسازی، واتە بازدان لە باسێکی ڕێزمانییەوە بۆ باسێکی دیکە؛ کەواتە ئەگەر بخوازین لە ڕادەی زاوزێی زمانێک تێ بگەین و بگرە لەگەڵ زاوزێی زمانانی دیکە بەراوردی بکەین، دەبێ بزانین لەو زمانەدا تا چ ڕادەیەک بەئاسانی دەکرێ لە باسێکی ڕێزمانییەوە باز بدەینە سەر باسێکی دیکە. لەنێو گۆڕانی وشەسازییە جۆراوجۆرەکاندا، لە هەموان گرنگتر، بازدانە لە باسی ناو، یان ئاوەڵناوەوە بۆ سەر باسی کار، یان بە واتایەکی سادەتر، دروستکردنی کارە لە ناو، یان ئاوەڵناو. هۆکاری ئەم بابەتەش ئەوەیە کە کار خۆی زۆر بەزاوزێیە و زۆر وشەی تری لێ دروست دەکرێت.» باتنی لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێت: «کاری لێکدراو نەزۆکە و وشەی دیکەی لێ دروست نابێت.»

بێجگە لەوانەش، خراپنووسەکان پێیان وایە کەڵکوەرگرتن لە وشەگەلی ساختە، بەتایبەتی کە وشەکە بیانی بێت، نیشانەی پێشکەوتوویی و مەزنیی نووسراوەکەیانە؛ بەگشتی وردنەبوونەوە لە بەکارهێنانی چەمک و زاراوە و دەستەوشە، بەتایبەتی لە ڕاگەیاندنەکاندا، هەم دەبێتە هۆی سەرگەردانیی خوێنەر و هەم شێوانی جیهان؛ ئەو جیهانە گرنگەی کە هابرماس دەڵێت: «لە شێوازەکانی گرێدانی پەیوەندی لەڕێگەی کردەی ئاخاوتەیییەوە لە نێوان تاکەکانی مرۆڤدا بەدی دێت.» تیۆریی «کردەی ئاخاوتەیی»، لقێکی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەم سەردەمەیە کە لە تیۆریی بەکارهێنانی ڤیتگنشتاین وەرگیراوە. بەپێی تیۆریی بەکارهێنانی ڤیتگنشتاین، واتای وتە بەدەر نییە لە بەکارهێنانی ئەو وتەیە لە زماندا و، وەکوو بابەتێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی زمانیدا وەڕاست دەگەڕێت؛ ڕستەی «بەرز و پیرۆز بێت یادی کارەساتی ئەنفال» لە ڕوانگەی تیۆریی «کردەی ئاخاوتەیی»یەوە ڕێک پێچەوانەی مەبەستی بێژەر بە بەربێژەکەی دەگەیەنێت. ژاک دریدا دەڵێت: «زمان بەر لە ئێمە هەبوو، واتە دەسمایەی پایەدار و لەبڕاننەهاتوومانە، کەچی هەموان بە ڕادەی پێویست قەدری نازانن.» بەداخەوە خووی خراپنووسین لە زمانی کوردیدا هەردێت و پەرە دەستێنێت و سەرباری ئەوەی کە هۆگران و خەمخۆرانی زمان، خۆیان لە ڕەخنەگرتن لەم خووە خراپە نەبواردووە، کەچی خراپنووسەکان دەڵێی نە بایان دیوە و نە بۆران، چ گوێیان بەو ڕەخنانە نابزوێت و هەروا خراپ دەنوسن. زمان دوو جۆر پەیوەندی بۆ مرۆڤ ڕێک دەخات؛ پەیوەندی لەگەڵ خۆ (هزرین) و پەیوەندی لەگەڵ ئەوی دیکە (گواستنەوەی هزر). هەربۆیە پەرەسەندنی شارستانیەتی، منەتباری سەرهەڵدان و فراژیبوونی زمانە، چونکە زمان هەم هەلی بیرکردنەوە دەڕەخسێنێت و هەم کەرەستەکانی گواستنەوەی بیر (نووسین و خوێندنەوە) بە یارمەتیی زمان وەکار دەکەون بەڵام زمان کۆمەڵێک میکانیزمی کردەکیی هەیە کە دەبێ مرۆڤ فێریان ببێت بۆ ئەوەی خراپ، یان بەهەڵە لەکاریان نەهێنێت. زمانی نووسینی زانستی و نووسینی ئەدەبی نۆرم و شێوازی تایبەتیان هەیە، بەڵام دروستنووسین بنەمایەکی هاوبەشە لە هەموو جۆرەکانی زمانی نووسیندا. باوەڕێک هەیە پێی وایە بەکارهێنانی دروستی زمان، یان ڕاستکردنەوەی خراپنووسین، کاری هەڵەچن (ئیدیتۆر)ە، بەڵام لەم سەردەمەدا کە نووسەری بووەتە پیشەیەکی گشتی و بەهۆی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە (ئەکاونت، وێبلاگ، کەناڵ و گرووپ و ...) ڕاستەوخۆ نووسراوەکان بڵاو دەکرێنەوە، هەموو نووسەرێک دەبێ خۆی هەڵەچنی خۆی بێت، چونکە بەکارهێنانی خراپ و هەڵەی زمان نەک هەر لە گواستنەوەی هزردا تووشی ئاڵۆزی دەبێت، بگرە زیان بە پێکهاتەی زمانیش دەگەیەنێت کە پاراستنەکەی ئەرکی هەموو تاکێکە.

# سەلام ئیسماعیلپوور:

## لە ئێراندا کۆمەڵە فاکتەرێک هەن کە پێش بە بیچمگرتنی کولتووری دێموکراتیک یان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێک بە ئاراستەی دێموکراسیدا دەگرن. ئەو کۆمەڵە فاکتەرانە دەتوانین لە ژێر چەتری ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا کۆ بکەینەوە

**وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی**

بەربەستەکانی دێموکراسی لە ئێران کامانەن؟ ئێران لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا دوو شۆڕشی مەشروتە و شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی ئەزموون کردووە. لەو مەودایەدا گەلانی ئێران و کەسانی ئازادیخوازیی تینووی دێموکراسی بە شێوەی مەدەنیش و ڕێگای جۆراجۆر هەوڵیان بۆ ئێرانێکی دێموکراتیک داوە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو خەبات و چالاکییە بۆ دێموکراسی ئەوەی لە ئێستادا بەرچاوە ئەوەیە کە ئەم وڵاتە ڕەنگی دێموکراسی بە خۆیەوە نەبینیوە و ڕەوتی دێموکراسیخوازی بە ئاکام نەگەیشتووە.

ئەو بابەتەمان لەگەڵ کاک «سەلام ئیسماعیلپوور» کادری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خستووەتە بەرباس.

**ـ ئایا دێموکراسی ئامرازە یان ئامانجە؟**

ئەگەر بمانهەوێ بزانین دێموکراسی ئامانجە یا ئامراز، دەبێ سەرەتا بازنەی پێناسەمان بۆ دێموکراسی دیاری بکەین. لەو پێوەندییەدا دەبێ ئاماژە بە دوو جۆر تێگەیشتنی سەرەکی لە دێموکراسی بکەین. تێگەیشتنێک پێی وایە دێموکراسی تەنیا جۆرێک لە ڕێژیمی سیاسییە. لەم پێناسەیەدا دێموکراسی بە تەواوی ئامرازە و مەبەست لێی تەنیا گەیشتن بە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە، بەڵام لە پێناسەی دیکەدا دێموکراسی لەڕاستیدا جۆرێک کولتوور و شێوازێک لە هەڵسوکەوت و جیهانبینی و مێتۆدێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانە، واتە دێموکراسی لێرەدا تەنیا ڕۆتینێکی بۆرۆکراتێک و کراسێک بە بەر دەسەڵاتدا نییە، بەڵکوو بریتییە لە پەروەردە و کولتووری دێموکراتیک کە هەموو تاکەکان بۆ جێگیربوونی ئازادی و مافە تاکەکەسی و مەدەنییەکان لە هەموو جومگەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا پێی پابەند بن. لەم جۆرە تێگەیشتنەدا، دێموکراسی دەتوانێ هەم ئامرازێک بۆ پێکەوەژیان و پێشکەوتن و گەشەی شارستانیەتی مرۆڤ بێت و هەم بۆ خۆی جۆرێک لە فەزیلەت و بەشێک لە ئامانج و بەها گشتییەکان بێت.

**ـ بەربەستەکانی دێموکراسی لە ئێران کامانەن؟**

لە ئێراندا کۆمەڵە فاکتەرێک هەن کە پێش بە بیچمگرتنی کولتووری دێموکراتیک یان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێک بە ئاراستەی دێموکراسیدا دەگرن. ئەو کۆمەڵە فاکتەرانە دەتوانین لە ژێر چەتری ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا کۆ بکەینەوە. ڕەنگە بڵێین زۆر بابەتی دیکەی وەک دابونەریتەکان و کولتووری خۆبەزلزانیی نەتەوەی داگیرکەر و تەنانەت ئایین ڕۆڵیان لەو لاوازییەی کولتووری دێموکراتیکدا هەیە، بەڵام بە باوەڕی من کاتێک کە دەڵێی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە.

لەڕاستیدا پەروەردە، ئایین، عورف، حکوومەتی ڕانتی، شێوازی بەرهەمهێنان و هەموو ڕەهەندەکانی دێسپۆتیزمی ڕیشەداری ئێرانی، بە هەموویانەوە پێکهێنەری سیستمێک لە بەهاکان و باوەڕەکانن کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەهێزتر و ڕادیکاڵتر دەکەن و دەیکەنە لەمپەرێکی ئەستوور و لایەنێکی ئاشتیهەڵنەگر لە دۆزینەوەی چارەسەری دێموکراتیک بۆ ئاریشە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای ئێران.

**ـ بۆچی ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە ئێران لە ماوی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو و دوای تێپەڕینی دوو شۆڕش تا ئێستا ئاکامێکی نەبووە؟**

لەڕاستیدا لە یەک سەدەی ڕابردوودا و بەتایبەتی پاش دامەزرانی حکوومەتی پاڵەوی لە ئێراندا بەناوی ئازادی و عەداڵەت و داخوازیگەلی لەم چەشنە، هەوڵ و قوربانیی زۆر دراوە، بەڵام نەک هەر ئاکامێکی گونجاو و دڵخوازی لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکوو جار لە دوای جار زنجیری دێسپۆتیزم و دیکتاتۆری ئەستوورتر بووە و زیاتر و توندتر لە جەستەی وڵات شەتەک دراوە. هۆکاری سەرەکی لەو بەرانبەر بە دیکتاتۆری بوونە، بەڵام هەموو جارێ لە بیریان کردووە کە تەنیا چارەسەری دیکتاتۆری، ئازادی و دێموکراسییە.

«ئازادی»، وشەی ونبووی هەموو شۆڕشەکانی ئێرانە و لە حاڵێکدا کە دەبێ سەرەکیترین پرسی وڵاتێکی دیکتاتۆرلێدراو بێت، هەمیشە وەک پرسێکی لاوەکی سەیر کراوە یا بە جۆرێک چەواشە کراوە کە ئاکامی پێچەوانە لە هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی بکەوێتەوە.



یەک لە دوای یەکەکانی ئێران پاشخانێکی هزری و کۆمەڵایەتیی لە پشتە و وەک دەڵێن هیچ حکوومەتێکی خراپ نییە کە خەڵک لە پێکهاتنیدا بێ تاوان بن. لەڕاستیدا ڕێژیمی ئێستای ئێرانیش هەڵقووڵاوی ئەو عەقڵیەتە چەقبەستوو، نادێموکراتیک و دیکتاتۆرپەروەرەیە کە سەدان ساڵە لە هزر و هەناوی کۆمەڵگای ئێرانیدا جێگای خۆی کردۆتەوە.

هەم لەگەڵ گەلانی دیکە و خەڵک و حکوومەتی داهاتووی ئێران دەبێ بناغەی کاری سیاسی بێت. واتە حکوومەتی ئێران و نوێنەرانی گەلانی ئەم وڵاتە دەبێ لە پێشدا یەکتر بە فەرمی بناسن و دان بە ئەولەویەتی دابینبوونی مافەکانی یەکتردا بنێن و پاشان لەسەر چۆنیەتیی دابینبوونیان لە بەستێنێکی دێموکراتیکدا ڕێک بکەون.

و بەهێزیی دێموکراسی لە هەموو ئەو شوێن و جومگانەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر بەشەکانی دیکە دادەنێت.

**- دێموکراسی بە چ شێوەیەک دەتوانێت خواستی هەموو پێکهاتەکانی ئێران وەدی بێنێت؟**

ئەگەر دێموکراسی بە واتای ڕاستەقینەی خۆی لە وڵاتێکدا جێگیر ببێت، واتە لە نێو خەڵکدا ببێتە بەشێک لە نەریت و کولتوور، ساکارترین دەرئەنجامی ئەوەیە کە پێکهاتە و لایەنەکان بۆ چارەسەری کێشە و ململانێکانی نێوانیان دەست بۆ چەک و بەکارهێنانی توندوتیژی نابەن، بەڵکوو پێوەرە دێموکراتیکەکان دەکەنە خاڵی یەکلاکەرەوەی کێشەکانیان. ئەوە بۆ وڵاتێکی فرەپێکهاتە و فرەنەتەوەی وەک ئێران دەرفەت و هەلێکی زێڕینە کە بتوانن دێموکراسی بکەنە دادوەری دۆسیە و کێشە چارەسەرنەکراوەکانی وڵات و سیکلی مێژوویی، خوێنڕشتن - دیکتاتۆری- سەرهەڵدان - خوێنڕشتن، کۆتایی پێ بهێنن.

**-ئایا ئەرکی سەرشانی ئێمەیە دوژمنانمان بکەینە دێموکرات؟**

هەم بەڵێ و هەم نا. ڕاستە کە پێکهێنانی دێموکراسی لە هەر وڵات و کۆمەڵگایەکدا ئەرک و مافی خەڵکی پێکهێنەری ئەو کۆمەڵگایەیە، بەڵام پرسێکی نەبوونی دێموکراسی لە وڵاتێکی دەوروبەری ئێمەدا بێگومان وەبەر ئێمەش دەکەوێ. نموونە زۆرن لەو دێسپوتانەی کە تەنیا بەهۆی هەڵچوونێکی تایبەت، بێ گوێدان بە ویستی ئاشتیخوازانەی خەڵکی خۆیان، پەلاماری وڵاتێکی دێموکراتیکی دەوروبەر دەدەن. لە حاڵێکدا کە وتەیەکی سیاسی هەیە دەڵێ شەڕ لە نێوان دوو دێموکراسیدا ڕوو نادات. ڕەنگە نموونەی دژی ئەو گریمانەیەش بخرێتە ڕوو، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەبێ لانیکەم گومان لە تەندروستیی یەکێک لەو دوو سیستمە بکەین کە خۆیان بە دێموکراسی پیشان دەدەن بەڵام بۆ چارەسەری کێشەکانیان ڕێگای شەڕیان هەڵبژاردووە.




پێوەندییەدا یەکەم لاوازیی فەرهەنگی دێموکراتیک لەنێو کۆمەڵگای ئێران و نکۆڵیکردن لە ڕاستییەکانی ئەو وڵاتە وەک فرەنەتەوەیی و فرەچەشنی بووە. هۆکاری دیکە سەرهەڵدانی دەوڵەتی ڕانتی پاش دۆزینەوەی نەوت و گاز و کانزا سروشتییەکانی دیکە بووە کە دەوڵەتی لە خەڵک بێمنەت کردووە. لەبەر نەبوونی کولتووری دێموکراتیک، لە شۆڕشی مەشرووتەوە تا ئێستا هەموو جارێ بۆ کۆمەڵێک چەمک و دروشم شۆڕش و خەبات کراوە کە دواجار ئاکامیان بۆتە نوێبوونەوەی سیکلی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری، چونکە کۆی ئەم هەوڵانە ئەگەرچی پەرچەکردارێک

**ـ بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و سیستمێکی پلۆرال ئایا دەبێ پێکهاتەی ڕێژیمە سیاسییەکانی ئێران یا زیاتر لەوە تاوتوێ بکرێت؟**

بێگومان ئێمە ناتوانین بە بێ ئەوەی کە خوێندنەوە بۆ ڕەهەندە بووناسانە، مێژوویی، کولتووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەنانەت ژینگەییەکان بکەین، تێگەیشتنێکی دروستمان لەسەر چۆنیەتیی پێکهاتەی سیستمی حوکمڕانی لە ئێراندا هەبێت. ڕاستە حکوومەت لە ئێراندا دێموکراتیک و باوەڕمەند بە مافەکانی خەڵک نییە، بەڵام ڕوونە کە عەقڵیەتی فەرمانڕەوایی ڕێژیمە

**ـ لای ئێمەی کورد دێموکراسی چ مانایەکی هەیە؟**

لە ڕووی مێژووییەوە ئەگەر چاو لێ بکەین، دەتوانین بڵێین دێموکراسی نۆرمێکی باوی کۆمەڵگای کوردەواری بووە، ئەگەر چاو لێ بکەن لە نەریتی کۆنی گووتییەکان یان مادەکاندا بە پێچەوانەی گەلانی دیکە، تەنانەت هەڵبژاردنی پاشاکان لەلایەن خەڵکەوە و ڕێککەوتن لەسەر پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان باو بووە. لە سەردەمی ئێستاشدا ئەو دێموکراسییەی کە بۆ کورد گونجاوە، جۆرێک لە دێموکراسی بەپێی ڕێککەوتنە.

ئەم ڕێککەوتنە هەم لە نێوخۆی خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا و

**ـ ئایا دەبێ دێموکراسی لە نێوخۆمان پراکتیزە بکەین یا لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان پێویستمان پێیەتی؟**

دێموکراسی ئەو دەرمانەیە کە ژینگەی سیاسی لە درم و نەخۆشییەکان خاوێن دەکاتەوە.

چارەسەری درمەکانی وەک مەزنیخوازی، تاکپەرەستی، سەرەڕۆیی، گەندەڵی، کۆنەپەرستی، بناژۆخوازی، پۆپۆلیزم، سەرکوتکاری و هەڵاواردن و... پێویستی بە دێموکراسییە. بۆیە ئێمە کاتێک کە باس لە دێموکراسی دەکەین، تەنیا مەبەست دێموکراسی لە ئێران یا کوردستان نییە، بەڵکوو لەنێو ڕێکخراو و لە پەروەردەی تاکیشدا پێویستمان بە دێموکراسییە و لاوازی

# دەنگێک بە پانتایی زاگرۆس

## (بە بۆنەی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندێک)



**زاگرۆس**

ئەستەمە لە نێو خەڵکی زاگرۆسدا باس لە مۆسیقا و گۆرانی بکرێت و یەکەم کەسێک کە بێتە نێو بیروزەینەوە و وەک ئۆستورەیەک یادی لێ بکرێت کەسێک جیاواز لە مامۆستا حەسەن زیرەک بێت. پێم وانییە تاکێک هەبێت لە نێو نەتەوەی ئێمەدا ناوی حەسەن زیرەکی نەبیستبێ و لانیکەم، گۆرانییەکی لەم مەزنە هونەرمەندە گوێ نەدابێ.

لە نێو نەتەوەکانی دەوروپشتیشماندا حەسەن زیرەک دەنگێکی ناسراوە و هونەرمەندان و شارەزایانی بواری دەنگ و مۆسیقا ئەگەر لە ئاوازەکانی ورد ببێتنەوە سەرسامن بەم دەنگە ئەهوراییە و سەرسامن بە زانستی زیرەک لە بواری موسیقا و زاڵبوونی بەسەر دەزگا و گۆشە و ڕەدیفەکانی مۆسیقادا.

لە نێو هونەرمەندان و گۆرانیبێژاندا دەکرێت بە هۆی شارەزابوون و تێگەیشتنێکی یەکجار زۆری حەسەن زیرەک لە بابەتی موسیقاییەوە، پاساو بۆ بەناوبانگبوونەکەی بێنینەوە و لە نێو خەڵکیشدا هۆی بەناوبانگبوونەکەی، بگەڕێنینەوە بۆ دەنگی یەکجار خۆشی.

بەڵام خۆ هەن کەسانێک کە دەنگیشیان زۆر خۆشە و زۆریش شارەزان و هیچکات بە ڕێژەی حەسەن زیرەک، بەناوبانگ نین و لە نێو نەتەوەی کورددا ئاواز و گۆرانییەکانیان نەبووەتە وێردی سەر زمانی ژن و پیاو و کچ و کوڕ و مەزن و گچکەی ئەم نیشتمانە.

هەر بۆیە هۆکاری بەناوبانگبوون و خۆشەویستی حەسەن زیرەک، ناکرێ تەنیا لە شارەزایی و دەنگ خۆشیدا کورت بکرێتەوە و بۆ تێگەیشتن لەم نهێنییە بە کورتی ئاماژە بە سێ خاڵ دەکەین؛

یەکەمیان لە ڕەهەندی هونەری و کۆمەڵناسی هونەرەوە، دووهەمیان ڕوانگەی فەلسەفی و کۆمەڵناسی، کە زیاتر دەگەڕێتەوە بو ناخ و سەرچاوەی چییەتی هونەر و سێهەمیشیان ڕەهەندی دەروونناسی دەرونشیکارییە.

یەکەم؛ لە ڕەهەندی هونەری و کۆمەڵناسی هونەرەوە، وەکوو هەموو شارەزایانی بواری هونەر دەزانن، موسیقای کوردی، وەک بەشێک لە هونەر لە گشتیەتی خۆیدا موسیقایەکی یەکجار کۆنە و ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەم و زەمەنێک کە سەرچاوە و ڕیشەی موسیقی لەم کانگاوە هەڵقوڵیوە و پەرەی سەندووە.

بۆ نموونە، «سوئێسکەیی» چەشنێک هەڵپەڕینە و لە موسیقیشدا لێ ئەدرێ کە لە ناوچەی شاروێران زۆر بەناوبانگە و خاوەن مێژووی هەزاران ساڵەیە.

یان «پێش مەڕی» کە یەکێک لە گۆشەکانی موسیقی کوردییە و هەر بە ناوەکەیرا، دەرئەکەوێ کە شوان و شمشاڵەکەی لە بەر مەڕەوە لێیان داوە کەواتە خودی هونەر شتێکی جیاواز لە کۆمەڵگا یان دابڕاو لە جڤاک و مێژووەکەی نییە.

لە بواری موسیـــــقیدا ئەتوانین ئاماژە بکەین بە تەواوی مەقامەکان و بەیاتەکان، کە حەسەن زیرەک بە باوڕی زۆربەی شارەزایان، لەوپەڕی خاکەڕاییدا لە سەرجەمیاندا زۆر بە تەواوی و لەوپەڕی لێزانینەوە گۆرانی و مەقامی چڕیوە و ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕە بین هونەر بەشێکە لە کولتوور و مێژووی کۆمەڵگا لە ڕێگەی هونەرەوە زیرەک لە ناخی نەتەوەکەیدا ڕۆچووە و گۆرانییەکانی ئاوێنەی عەشق و خۆشەویست و ژیانی تاک و کۆمەڵگای کوردە و وەک تابلۆیەک دێنە پێش چاو کە ژیانی خەڵکی خۆیان کێشاوەتەوە. (لێرەدا دەکرێ گۆرانی کیژان دەچنە مێرگوڵان وەک نموونە بهێنینەوە).

حەسەن زیرەک بە گشتی، هونەرمەند و گۆرانی بێژێکە کە دەنگێکی تەواوی بووە چ لە بەم و چ لە زیردا توانیویەتی لە تەواوی مەقامەکان و دەزگاکان و بەیاتەکاندا گۆرانی بڵێتەوە. تایبـــــەتمەندییەکی تری حەسەن زیرەک، ئەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی چۆنییەتی خوێندنی گۆرانی کوردی کە بۆ نموونە جیاوازی ئەکاتەوە لە شێوازی موسیقای فارس. لە کوردیدا سەرەتا گۆرانییەکە دەس پێدەکات جا لە بەیندا مەقامێک ئەخوێندرێ و دووبارە ئەگەڕێتەوە سەر گۆرانییەکە، بەڵام لە فارسیدا یەکەم جار مەقام دەبێژرێ و پاشان گۆرانی؛ وەک خوێندنەکانی شەجەریان و بەستامی و ... .

حەسەن زیرەک هەرچەند لە بەشی موسیقی ڕادیۆ تاران و بەغدادیشدا گۆرانی وتووە بەڵام هیچ کات نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری موسیقای فارسی و عەرەبی و هەر بە شێوازی ڕەسەنی خوێندنی کوردی، گۆرانی گوتووە.

لەو سەردەمەشدا کە مـــــــوسیقی لە ئێراندا بە گشتی کاریگەری لە موسیقای ڕۆژاوا وەرگرتووە و بە ئامێرە موسیقاییەکانی ڕۆژاوایی وەکوو ویڵۆن، موسیقای ئێرانی و کوردیش لێ دراوە، حەسەن زیرەک هەم یەکێک لەو گۆرانیبێژانە بووە کە لەم بابەتەشەوە ڕچەشکێن و سەرقافڵەیە و هەروەها ناسنامەی کوردی هونەرەکەیشی پاراستووە.

دووهەم ڕەهەندی فەلسەفی کۆمەڵناسی، هەر وەک دیارە لە سەردەمی یونانەوە تا هەنووکە فەیلەسوفەکان لەمەڕ چییەتی هونەر دواون و لە ناخی هونەریان کۆڵیوەتەوە. لە ڕوانگەی هەندێکیانەوە شێعر بنەمای هونەرە و لە ڕوانگەی تاقمێکی دیکەیانەوە موسیقی بناغەیە و لە گۆشەنیگای گروپێکی دیکە لە فەیلەسوفەکانەوە هونەری تازەلەدایکبوو و مۆدێڕنی سینما بناغەی گشت هونەرەکانە و ئەتوانێ جێگرەوەی سەرجەمیان بێت.

بە وردی باسکردن لە هۆکاری ئەم ڕوانگە فەلسەفییانە دەرفەت و کاتێکی زیاتری پێویستە؛ ئەو خاڵەی لەم نووسراوەیەدا گرینگە ئەوەیە کە هونەر بۆ چییە و بە کەڵکی چی دێت و پەیوەندی ئەم خاڵانە بە حەسەن زیرەکەوە چییە؟

«وێرنێر یەگێر» یەکێک لە ناودارانی یونانناسییە کە لە کتێبی «پایدیا»دا دوای گێڕانەوە و باسکردن لە سەر ئۆستورە و شێعر و شاعیرانی یونانی، لە بواری فەلسەفییەوە چاو لە هونەر دەکات و بە گشتی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هونەر لە گشتیەتی خۆیدا و بەتایبەت شێعر، پەیوەندیدەری نێوان خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگا و بیرمەندەکانە.

بەو واتایەی لەو شوێنەی بیر و هزر ناتوانێ خۆی لە نێو مێشکی گشتیەتی جڤاکدا جێگیر بکات، هونەر دێتە گۆڕەپانەکە و ڕۆڵی بیرمەند لە نێو خەڵکدا ئەگێڕێ.

لەو سەردەمەی کە حەسەن زیرەک تێیدا ژیاوە ئەو بابەتانەی بیـــــرمەندانی ئێمە بیریان لێ کردووەتەوە لە نێواخنی موسیقا و دەنگی حەسەن زیرەکدا بە جوانی ڕەنگ ئەداتەوە؛ بۆ نموونە بە گۆرانی باس لە خوێنی ئاڵی شەهیدانی چل و شەش و چل و حەوت دەکا و بە گوڵاڵەی سور دەیانشوبهێنێ، یاخود ئاوات دەخوازێ نەتەوەکەی هەستێتە سەر پێ و ڕاپەڕێ دژ بە زۆرداری و دەچریکێنێ: هەستە کوردە ڕاپەڕە و لێی ڕاکەوە؛ یاخود ئاواتی سەربەخۆیی دەخوازێ و دژی کۆلۆنیالیزم دەچریکێنێ.

یەکێکی دیکە لە فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ کە زۆر بە وردی لە ناخی هونەر ڕاماوە، هایدگێرە. هایدگێر لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هونەر زمانی بوون و وجودە. بوونیش بە باوڕی هایدگێر لە زماندا خۆی دەرئەخات و هونەرمەند کەسێکە کە زمانی بوونە؛ کەوابوو بوون لە هزری هایدگێردا، دەتوانێ بوونی کۆمەڵایەتی یان وجودی نەتەوەیی بێت. هایدگێر دەڵێت هەر نەتەوەیەک بوونی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە زماندا ئەم تایبەتمەندییە خۆی ئەنوێنێ. زمانی وجود یان بوون، ناتوانێ لە زمانی ڕۆژانەی سەر شەقام و ئاساییدا خۆی بنوێنێ و پێویست بە کەسێکە کە بتوانێ ئەم زمانە وەرگێڕێتەوە بە زمانی ئاسایی و ڕۆژانە. بە باوەڕی هایدگێر هونەرمەند ڕاست ئەو کەسەیە.

هەنووکە ئەگەر ئەو بۆچونانە کە پێیان وایە موسیقی بناغەیە و ئەوانەی شێعر بە بنەما وەردەگرن لە پاڵ یەکدا کۆ کەینەوە، بە سەرنجدان بەو ڕاستییەی کە حەسەن زیرەک زۆربەی شێعری گۆڕانییەکانی، خۆی هۆنیویەتەوە و بە ئاماژەکردن بە زانستی لەمەڕ موسیقاوە ئەتوانین بێژین حەسەن زیرەک شاعیرێکی گۆرانیوێژ و موسیقازانە کە زمانی وجودی کۆمەڵگاکەی خۆی بووە و ئەرکی بیرمەندانی ئێمەیە کە لە دڵی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکەوە دەنگ و زمانی وجودی یان بەشێک لە بوونی کورد داڕێژنەوە. دیارە شاعیران وەک هەژار، گۆران، بێکەس و هتد وەک هۆنەری شێعر ئەرکی شاعیری بۆ نەتەوەی خۆیان لە سەرشانە و لە بواری شێعردا ئەوان بۆ ئەم تایبەتمەندییە شایانترن و وێستگەیەکن بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر، بەڵام حەسەن زیرەک بەهۆی تێکەڵەی موسیقی و شێعرەوە و خەڵکیبوون و بەردەنگی زیاترەوە دێتە نێو ئەم خاڵە لە ڕوانینی فەلسەفییەوە و دەبێتە بەشێک لە ئاوات، حەز، عەشق و ژیانی خەڵک بە زمانی گۆرانی و لە ڕێگەی موسیقاوە بەشێکی مەزنی بوونی نەتەوە دەهونێتەوە.

سێهەم، ڕەهەندی ڕەوانناسی و دەرونشیکاری؛ بۆ ئەم بەشەی بابەتەکە کەڵک لە بۆچونێکی یونگ، گەورە دەرونشیکار وەردەگرین بەناوی بیرۆکەی نەستی گشتی (ناخودآگاه جمعی).

یونگ پێی وایە جگە لە ناخود نەستی تاک (آگاهی فردی)، نەستێکی (ناخودئاگاهێکی) بە کۆمەڵیش بوونی هەیە کە مرۆڤ بە گشتی ئەکەوێتە نێوی.

بۆ وێنە ڕق یان خۆشەویستی بۆ شتێکی تایبەت لە نێوانی زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکدا هاوبەشە و بەدی دەکرێت کە ئەم نەستە (ناخوداگا) بە کۆمەڵە لە شوێنە جیاوازەکاندا بە هۆی جوغرافیا و سیاست و هزرەوە لە بیاڤی مەزندا جیاواز ئەبێتەوە، بە وتەی یونگ ئەم نەستە (ناخودئاگا) دەتوانێ بە شێوازی تایبەت بە نەتەوە یان جڤاکێکیش خۆی بنوێنێت.

حەسەن زیرەک ڕاست بەشێکە لەو ناخودئاگا گشتییە لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا و لە هەموو پانتایی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵات لە خۆی و ماکۆ و سەڵماسەوە بگرە تاکوو کەنداو لە نێو لەک، لوڕ، بەختیاری، هەورامی، سۆران، گۆران، شکاک و کەلهوڕدا و هەموو زاراوە و بنزاراوەکانی زمانی ئێمەدا ئەو چریکەیە کە حەز و خولیا بۆ دەنگەکەی وەک نەست (ناخوداگا) و خۆشەویستییەکی گشتی خۆ دەنوێنێ. لە لای کوردانی بەختیـــــاری وەک مەهاباد و ئوورمیە خۆشەویستە و ئاوازەکانی گوێی لێ دەگیرێت و دەکرێ بڵێین چێژبردن لە دەنگی مامۆستا لە هەموو زاگرۆســـدا بەشێکە لە نەستی گشتی و بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

بە وێنەی کەتوارێک دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن لە نێوان خۆیاندا هەرچی زیاتر و وردتر سەرنجی ئەو نەستە (ناخودئاگا) گشتییە بدەن و لە هەمان کاتدا دەستنیشانی بکەن و هەوڵ بۆ بەهێزکردنی لە ناخی کۆمەڵگادا بدەن کە دەبێتە هۆکاری یەکگرتوویی و بەربەســـتێک بۆ بەرگری لە توانەوە و تێداچوون لە نێو نەتەوە و دەسەڵاتی باڵادەستدا.

هەنووکە با دوو بواری فەلسەفی و دەرونشیکاری لەم پەیوەندیـــــیەدا پێکەوە تێکەڵ بکەین بۆ کۆکردنەوە و کۆتاییهێنان بە بابەتەکە.

وەک باسمان کرد لە ڕوانگەی هایدگێرەوە، زمان وجود و بوونە، نەتەوەی ئێمەش سەرەڕای دۆخی کۆلۆنیکراوی خاوەن بوونێکی تایبەت بە خۆیەتی کە سەرەڕای هەوڵەکان بۆ سڕینەوەی تا ئێستا پاراستـــویەتی و خاوەن هەندێ خاڵی هاوبەشی نەستیشە کە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە نەتەوەکانی دیکە جیاوازی دەکاتەوە و هەوڵ بۆ پاراســـــتنی هێما گشـــتیی و هاوبەشەکانمان یەکێک لەوانە دەنگ و هونەری حەســـەن زیرەک هەستی گشتی یەک نەتەوەیی و جیاوازبوون لەوانی دیکەمان بە پانتایی زاگرۆس لەگەڵ دەرەوەی زاگرۆس تێدا بەهێـــز دەکات و دەبێ هەوڵ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم خاڵە گشـــتییە و خاڵە هاوبەشەکانی دیکە بدەین تا بتوانین هەرچی زیاتر جیاوازیمان لەگەڵ ئەویدیکەی خۆمان و لە هەمان کاتدا یەکگرتوویی خۆمان زەق بکەینەوە.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No :826 6 July 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکوومکردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی چوارشەممە ١ی پووشپەڕ، «ئارام ئیبراهیمی» چالاکی سێنفیی مامۆستایانی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی چوارشەممە ١ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەحمەت نابجامە» خەڵکی شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی چوارشەممە ١ی پووشپەڕ، سادق کەنعانی چالاکی سێنفیی مامۆستایانی سنە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی پووشپەڕ، شەهریار نادری، چالاکی سێنفیی مامۆستایان و مامۆستای فیزیک لە قوتابخانەکانی کرماشان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ٤ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەک بە ناوی «کاوەیس عەبدوڵڵازادە» خەڵکی گوندی «ترشەکان»ـی مەهاباد لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ٤ی پووشپەڕ، «هێمن مام قادری» زیندانیی سیاسیی پێشووی خەڵکی شاری بۆکان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٥ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «نادر بایەزیدیئازەر» تەمەن ٣٠ ساڵ، کوڕی قادر خەڵکی گوندی «لەج» سەر بە شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٦ـی پووشپەڕ، هاووڵاتییەک بە ناوی «ئیبراهیم عەزیزی» و کوڕێکی ناوبراو بە ناوی «موحسین عەزیزی» خەڵکی شاری شنۆ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٦ـی پووشپەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «بەهمەن مەحموودی ئازەر» خەڵکی شاری شنۆ و «یەعقووب مەحموودی ئازەر» خەڵکی گوندی «سینگان»ـی سەر بە شاری شنۆ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

ڕۆژی سێشەممە ٧ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سلێمان سالک» تەمەن ٦٩ ساڵ خەڵکی شاری مەهاباد لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراو بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٨ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «میکائیل مینبەری» خەڵکی گوندی نییەر و دانیشتووی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی پووشپەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سەید سالار سەید ڕەحیمی» کوڕی سەید عەبدوڵڵا و «حەسەن مامڵیئازەر» خەڵکی گوندی «گامێش گۆلی»ی شاری میاندواو، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مەنسوور کەربەلایی» کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی «سەرچنار»ی شاری میاندوئاو لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەک بە ناوی «مەهدی ڕەسایی» تەمەن ٣٠ ساڵ کوڕی «مامەڕەشە»، خەڵکی گوندی «سەردۆش»ـی مەریوان، پاش بانگهێشتکردن بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، دەسبەسەر کرا.

ئارش سادقی چالاکی مافی مرۆڤ لە تویتێری خۆیدا، باسی لە دەسبەسەرکردنی دوو ژن بە ناوی «ئارەزوو ڕەزایی و ئەعزەم میرانیان» کرد کە بەهۆی دزینی میترێک سیمی بەرق، لە شاری ئیلام دەسبەسەر کراون.

### ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ گرتنگە ئەمنییەتییەکان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مۆحسێن عەزیزی» خەڵکی شاری شنۆ پاش دەسبەسەری بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ورمێ کرا.

### ناڕوونی چارەنووسی زیندانییەک پاش ١١ مانگ دەسبەسەری:

ئیدریس فەقیهی تەمەن ٣٧ ساڵ پاش ١١ مانگ لە دەسبەسەری لەلایەن ئیتلاعاتی سپا لە شاری بۆکان، هێشتا چارەنووسی لە گرتنگەی ئەلمەهدیی ورمێ ناڕوونە. یەکێک لە نزیکانی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە بە کوردپای ڕاگەیاند: «پاش دەسبەسەرکردنی ئیدریس لە گوندی عیلم ئاوای شاری بۆکان و ڕەوانەکردنی بۆ گرتنگەی ئەلمەهدیی ورمێ، هەتا ئێستا بەرپرسانی زیندان ئیزنی چاوپێکەوتنیان بەو زیندانییە سیاسییە لەگەڵ بنەماڵەکەی نەداوە».

### درێژکردنەوەی ماوەی دەسبەسەری چوار چالاکی سێنفیی:

بڕیاری دەسبەسەرکردنی «ئومید شامحەممەدی، هیوا قورەیشی، پەرویز ئەحسەنی و کاوە محەممەدزادە»، لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان- دیواندەرە درێژ کرایەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بڕیاری دەسبەسەرکردنی ئەو چوار چالاکە سێنفییە لەسەر بڕیاری «جەباری» دادستانی گشتی و ئینقلابی سنە، بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژی دیکە درێژ کرایەوە.

مەسعوود نیکخا، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان - مەریوان، پاش ٥١ ڕۆژ لە دەسبەسەری، لە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئێڤین ڕاگیراوە.

### ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بە زیندان و کانوونی ئیسلاح و پەروەردە:

زۆهرە دوستی هاووڵاتیی خەڵکی سنە بۆ جێبەجێکردنی ساڵێک زیندانییەکەی دەسبەسەر و ڕەوانەی کانوونی ئیسلاح و پەروەردەی سنە کرا. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: «دەسبەسەرکردن و جێبەجێکردنی حوکمی زیندانییەکەی زۆهرە دوستی پەیوەندیی بە حوکمی هەڵسپێردرای پێشووی ناوبراوەوە هەبووە کە پاش دەسبەسەرکردنی بۆ دووهەمین جار جێبەجێ کراوە».

### مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە زیندان:

خەیروڵڵا حەقجوویان ئەندامی کۆڕی ڕاوێژی چالاکانی مەدەنیی یارسان لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری سەحنە بە ساڵێک زیندان مەحکووم کرا

حوکمی ٥ ساڵ زیندانیی «محەممەدخالید حەمزەپوور»، هاووڵاتیی خەڵکی گوندی «خانلەر»ی شاری شنۆ، لە دادگای پێداچوونەوە پشتڕاست کرایەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وردەکارییەکانی دۆسیەی ئەو چالاکە یارسانییە بە کوردپای ڕاگەیاند: «دادگای ئینقلابی شاری سەحنە خەیروڵڵا حەقجوویانی بە تۆمەتی دامەزرانی کۆڕی ڕاوێژی چالاکانی مەدەنیی یارسان، بەشداری لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان و پڕوپاگەندە دژی نیزام، بە ساڵێک زیندان مەحکووم و ئەو حوکمە ڕۆژی شەممە ٢١ی جۆزەردان بە ناوبراو ڕاگەیەندراوە».

### دوورخرانی هاووڵاتییان بۆ زیندانەکانی شارە غەیرە کوردنشینەکان:

شەممە ١١ی پووشپەڕ، سەید محەممەد حوسێنی، زیندانیی سیاسیی کورد بۆ شاری هەریس لە پارێزگای ئازەربایجانی شەرقی دوور خرایەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ماوەی دوورخرانەوەی سەید محەممەد حوسێنی پاش تەسلیم بە ڕەی و بە هەژمارکردنی ماوەی دەسبەسەریی پێشوو، بە دوو ساڵ دوورخرانەوە کەم کراوەتەو

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، «محەممەد مورادی» زیندانی سیاسیی خەڵکی گوندی «قەبری حوسێن» سەر بە شاری پیرانشار، بۆ شاری قەیداری پاریزگای زەنجان، دوور خرایەوە.

### کەمکردنەوەی حوکمی داسەپاوی هاووڵاتییان:

حوکمی زیندانیی «قانع خاتری»، ئەندامی کەمپەینی «ژیانەوەی کوردستان» دوای «تەسلیم بە ڕەی» بۆ ١٨ مانگ زیندان، کەم کرایەوە. ئەم هاووڵاتییە بە تۆمەتگەلی «پڕوپاگەندە دژی نیزام»، «هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران» و «پێکهێنانی کەمپەینی ژیانەوەی کوردستان»، لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر «سەعیدی» بە دوو ساڵی زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا و ئەم حوکمە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی بانەمەڕ بە ناوبراو ڕاگەیەندرابوو.

### ئێعدامکردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی مانگی بانەمەڕی ١٤٠١، حوکمی لە سێدارەدانی هاووڵاتییەکی تەمەن ٣٠ ساڵ بە ناوی «فەردین کەلەهویی»، لە زیندانی «دیزڵاوا»ی کرماشان جێبەجێ کرا.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی سێشەممە ٣١ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سەروەر ڕەستگار» کوڕی کەریم خەڵکی گوندی «سەردۆش»ـی مەریوان، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری «دۆڵەبیـ»ی ئەو شارە پێکرا.

ڕۆژی سێشەممە ٣١ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی «سوهەیب قەیتوڵی» خەڵکی شاری جوانڕۆ لە سنووری نەوسوود لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە ئازار و ئەشکەنجە درا.

ڕۆژی چوارشەممە ١ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەحموود شەمسینژاد» خەڵکی گوندی «جۆڵاندێ»ـی شاری سەوڵاوا بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری نەوسوود پێکرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کەیوان ئەمانی» خەڵکی گوندی «حاجی مەمدان»ـی سەقز، لە سنووری «سەرتەزێن»ی بانە پێکرا.

ڕۆژی هەینی ٣ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی ڕوانسەری بە ناوی «سیروان ئەحمەدی» تەمەن ٢٨ ساڵ، لە سنووری نەوسوود بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی قودسی پاوە کرابوو.

ڕۆژی سێشەممە ٧ی پووشپەڕ، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی «عومەر عەبدی» و «عوسمان ئەحمەدی» خەڵکی شاری سەلاسیباوەجانی، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود پێکران.

ڕۆژی سێشەممە ٧ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەفشین یووسفی» کوڕی یووسف خەڵکی شاری جوانڕۆ، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری نەوسوود بریندار کرا.

ڕۆژی شەممە ١١ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کەماڵ ئیبراهیمزادە» خەڵکی گوندی «دێوالان»ـی شاری سەردەشت لە سنووری بانە بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١٤ی پووشپەر، کۆڵبەرێکی کورد بەناوی «ئیرەج مەهدەوی» خەڵکی گوندی «کلاشی لوولم» سەر بە شاری جوانڕۆ، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری نەوسوود، پێکرا.

### خۆکوژیی ژنان و پیاوان:

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی پووشپەڕ، لاوێک بە ناوی «ئاسۆ (هەژار) عینایەتی» تەمەن ١٩ ساڵ کوڕی ئەمیر خەڵکی شاری بۆکان هەوڵی خۆکوژیدا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### هەولێر؛ ژنێکی سەردەشتی لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژرا

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەک بە ناوی «ژیلا زارعی» تەمەن ٢٥ ساڵ، خەڵکی شاری سەردەشت، بە لێدانی چەقۆ لەلایەن هاوژینەکەیەوە بە ناوی «ئیسماعیل عەبدوڵڵامەنش» لە شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستان کوژرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە کوردپای ڕاگەیاند: «ژیلا زارعی لە گوندی لوبنانی بە لێدانی چەقۆ لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژراوە».

ئەو سەرچاوەیە هەروەها ئەوەشی خستەڕوو: «تەرمی ئەو هاووڵاتییە دوو ڕۆژ پاش کوژرانی بەبێ بەڕێوەبەردنی ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی و بەبێ ئامادەبوونی بنەماڵەکەی لە شاری قەڵادزێ سەر بە پارێزگای سلێمانی، ئەسپەردەی خاک کرابوو».

ئیسماعیل عەبدوڵڵامەنش پاش کوژرانی ژنەکەی هەڵاتووە و هەتا ئێستا پۆلیسی هەولێر لەو پەیوەندییەدا، هیچ لێدوان و ڕاگەیەندراوێکی بڵاو نەکردووەتەوە.

هەتا ئێستا لەمەڕ پاڵنەری کوژرانی ژیلا زارعی لەلایەن مێردەکەیەوە زانیارییەکی ئەوتۆ بەدەست نەهاتووە، بەڵام هێندێک سەرچاوە لە وتووێژ لەگەڵ کوردپا ڕایانگەیاندووە کە «ئیسماعیل عەبدوڵڵامەنش بە گومانی پەیوەندیی ژنەکەی لەگەڵ کەسێکی دیکە، ژنەکەی کوشتووە.»

ئەو سەرچاوە ئاگادارە بە کوردپای ڕاگەیاند: «ئیسماعیل عەبدوڵڵامەنش لە ساڵی ١٣٩٩دا، کەسێکی دیکەی بە گومانی پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی کوشتبوو و هەروەها ژنەکەیشی بە چەقۆ بریندار کردبوو».

بە وتەی ئەو سەرچاوە ئاگادارە، ژیلا زارعی پاش ئەو ڕووداوە لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووە و بە کاری مۆدێلینگ خەریک بووە.





